Signature Not Verified
Copyright2002 http://nuserikurd.com
Digitally signed by Copyright2002 http://nuserikurd.com
DN: cn=Copyright2002 http://nuserikurd.com, o=Nuser, c=SE
Date: 2002.06.24 19:59:03 Z

سیروان كاروانی

# هەرزاڵ

كورتە چیرۆك و
برێ نەزیلەی كۆمەڵایەتی

سوێد: ١٩٩٩

سیروان کاروانی

# هەرزاڵ

کورتە چیرۆک و
بڕێ نەزیلەی کۆمەڵایەتی

چاپی یەکەم
سوێد : ١٩٩٩

# ناوەڕۆك

مەرگی ژێر دەستی ڕەش
٥
ئەو ئەشکەی باڵی گرت
١٩
لالۆ حەمۆل
٢٧
سامۆتکەی ژیانێکی ون
٣٥
مام هەژار
٤١
سێ جیهان
٤٧
سەرنجێك
٥٣
خاتە
٥٥
مام سلێمان و ئەسپە کوێت
٦٣
شێ میرە کەرسپی
٧١
نەزیلەی داود دۆشاومژ
٧٧

بەدری بەربووك
٨٣
نیمەی چەقەر بی نیمەی گورگ بی
٨٩
نوشتە
٩٧
مـتۆ
١٠٣
مەرسەلای شەوگەڕیی ئاغا
١٠٩
حەمەشێت
١١٥
فەرهەنگۆك
١٢١

# مەرگی ژێر دەستی ڕەش

ماوەیەك بوو بیری دەكردەوە هەندێك پارە و پووڵ كۆبكاتەوە و، ئەو كەرەستانەی ماڵەوەیش كە هەیەتی جگە لە كەلوپەلەكانی بەری، هەموویان ببات و ئەوانیش هەڕاج بكات، هەمووی لە تەنكەی باخەڵی بنێت و، وەك بەشێكی تری خەڵكی ناوچەكە ڕێگای هەندەران تاقی بكاتەوە.

ئەو لەو ژیانە كۆڵەوارییەی وڵات بێزار بووبوو، هەڵبەتە زۆربەی خەڵكەكە بێزار بووبوون، بۆیە لەدڵی خۆیدا زۆر جاران دەیگوت: ئەم سەفەرە دەكەم! لەگەڵ خۆی دەكەوتە دوان و هەر خۆی دەیپرسی و وەڵامەكەشی هەر لەخۆی وەردەگرتەوە: پیشەی مامۆستاییم هەبوو چەند باش بوو! چەندین خوێندكارم هەبوو، ئای كە چەندیانم خۆشدەویست و خۆشمیان دەویست! خۆشترین كاربوو لام.

- باشە ئەوە نیە هەر هەمان ئیشی مامۆستاییم هەیە و پێم دەبەخشن؟ خوا قبوڵ ناكات ئەمانیش پێم دەبەخشن.

- كورە ئاخر كەی ئەمە ئیشە؟ قوتابیەكانم هەر ڕۆژەی یەك دووانیان لەبەر هەژاری و دەستكورتی دایك و باوكەكانیان لە قوتابخانە دەریاندەهێنن، یاخود لەبەر نەخۆشی و زۆری عیللەت لەماڵەوە بێخاوەن دەكەون. دونیایەكی سەیرە، ئەم بەنی بەشەرە چۆن گوزەرانی تێدا دەكات! نازانم بۆ كە زەبوونی و نەگبەتی ڕووی لە مرۆڤ كرد، نەخۆشی و عیللەتیش سواری سەری دەبن؟ خۆمیش لە سێ مانگ جارێك مووچەی مانگانەم دەدەنێ، بە ناشكوریی نەڵێم بووەتە وەرزانە ئەوە ئەمجارەیان سێ مانگەش تێپەڕی هیچ دیار نیە.

- ئەدی ئۆتۆمۆبیلەکەی پێی دەچووم بۆ سەرکار؟ ئای زەمانە! مووچەی مامۆستایی ی پێنج ساڵم کردی ئەو ئۆتۆمۆبیلە کە لە خۆشەویستیان پێم دەگوت (شلە خەجێ)..
- کورە ئەدی ئەویشیان ئاودیو نەکرد؟ دەی، پێشینیان گوتویانە (لە دووای چووان مەچوو).
- دەباشە منیش لەدوای ناچم.
چارە نەما بێکاری و هەژاری ژیانیان پێ لەق کرد، کێشەی ناوخۆی وڵات و نائارامیی ناوچەکە وەك نەخۆشیی دوانزەگرێی ناوسك تەنگی پێهەڵچنی، نەیدەزانی کەی ناو سکی دەخواتەوە و لە پەلوپۆی دەخا.. بەهێزترین ئازار و ترسناکترین نەخۆشیی توش دەکا.. دونیا دونیایەکی تر بوو، ژیان بووبووە گوێفرکانێ، هەژاری وێنەی هەورێکی رەش و چڵکن کە ساڵ دوانزەی مانگ نەبێت بە ئاو و بچۆڕێتەوە، باڵی بەسەر ئەو وڵاتە بێکەس و غەمگینەدا کێشابوو، هەرچی پێشتر هەر بەگوێ دەبیسترا ئێستا بەچاو دەبینرێ، پێشتر هێزی داگیرکەرێك لە خاکی نیشتمان دەبینرا کە وەك دێوەزمە ترسناك بوون و کەس نەیدەوێرا تەماشایان بکات، ئەوان بە ئاگرو ئاسن ڕوویان تێدەکردی، کەچی ئێستا هەر ڕۆژە و داگیرکەرێك خۆی پێدا دەکات و بەشی خۆی زوڵم و زۆرداریی تێدا ئەنجام دەدات، خۆ کەسێکیش نیە بپرسێ بۆچی وا لەو خەڵکە هەژار و نەدار و سك و دڵسوتاوانە دەکەن؟ خۆ لەسەر خاك و خۆڵی خۆیان دەژین و چاویان نەبڕیوەتە ماڵ و حاڵی کەس؟ ئاخر بۆچی دەبێ ژیان و مەرگیشیان بەدەست ئێوەبێ؟
شەوی یەڵدا بوو، سارد بوو بە شێوەیەك کەوا تفت هەڵدایە ئاسمان بەر لەوەی بگاتە سەر زەوی دەیبەستا، چۆلەکەکانی کۆڵان و بەرهەیوان و ناوماڵان وا خۆیان خزاندبووە هێلانەکانیانەوە کە شووژنت بۆ ببردنایە

جوقەیان نەدەکرد.. نەبوونی کەرەستەی سووتەمەنیش لەو زستانەدا وای کردبوو کە ژووری بنەبانێ لەگەڵ دەرەوە بە تایبەتی ماڵە هەژارەکان جیاوازیەکی ئەوتۆی نەبێت. کورد گوتەنی: (پێشکەی نەبوو)، دونیا تەمی ڕەشی بەسەردا درابوو، وڵات بووبووە وڵاتی تاریکستان، ڕەشی و ڕەشایی هەر وەك چۆن کراسی بەری پیر و جوان و هەموو خەڵکی بوو، بەو شێوەیەش تەواوی کۆڵان و شەقام و کوچ و کەلەبەری گەڕەکەکانی شاری گرتبۆوە.

ئەو شەوە تا نیوەشەو لەسەر جێگاکەی خۆی هێنا و برد، لەژێرەوە و لە ناوەڕاستی پێخەفەکەیدا خۆی گرمۆڵە دا، بەڵام وەك کەسێك هەموو دونیا بەسەریدا ڕوخابێ و ئەویش دەستەوەستان وەستابێ لە ئاستیا، لە تاوی ئازارە خەماویەکانی بیری و سەرما و تۆفانی ئەو شەوە یەڵدایە بە هیچ جۆرێك خەو نەچووە چاوەکانی.. وەخت لای نیوەشەو بوو دەیویست بەرەو لای بەیانی هەنگاو بنێ، جاجمەکەی بە شاندا دا و هەرچۆنێك بوو خۆی گەیاندە ماڵی مامی بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوان و لە خانووەکەی ئەواندا تۆزێك بحەسێتەوە، چەند جارێکی تر لە سارد و سەرما و باران و تۆفانی وادا پەنای بردبووە ماڵی مامی، چونکە خانووەکەی ئەوان پتەوتر بوو دڵۆپەی کەم دەکرد، بەڵام ئەو سەردەمەی پێشوو لەگەڵ ئێستا جیاوازیی هەبوو. ئێستا بەهۆی هەژاری و بێکاری و کێشەی ناوخۆوە جەردە و ڕاوەڕووت بە شێوەیەکی دیار لەناو کۆمەڵگادا سەری هەڵداوە.

بەو شەوە یەك دوو جار لە دەرگای ماڵی مامی دا و هاواری کرد:

- مامە ئەحمەد منم، شێرکۆم! دەرگام لێ بکەنەوە سەرمامە، لە تاوی دڵۆپە و سەرما هاتووم تکایە دەرگام لێ بکەنەوە، قەسریم.

بەڵام کەس لە ماڵی مامی بەو شەوە ترسناکە زاتی ئەوەی نەکرد بچێت بە دەنگی دەرگا لێدانەوە، ئەمجارە چاوێکی نوقان و بە چاوەکەی تری لە

کونی جێگای کلیلی دەرگاکەوە تەماشایەکی ناو حەوشەکە و ژووری نوستنی کرد، کەچی لەبەر تاریکایی و خوڕ و هۆڕی ئاوەڕۆ و تاڤی باران لە ڕێشکە و پێشکەی بەرچاو بەولاوە چیی تری بەدی نەکرد، بۆیە بە نائومێدی جاجمە تەڕەکەی کە تاکو بەر دەرگای ماڵی مامی هەر باران لێی دابوو بەشاندا دایەوە و بۆ ماڵی سارد و سڕ و بە دڵۆپە و کەم نوین گەڕایەوە. هەرچۆنێك بوو ڕۆژی لێ بووەوە، بەڵام سەرما و سۆڵە کاری خۆیان کرد و، بۆ ماوەی هەفتەیەك لەناو جێگا خستیان، ئەمجارەیان کە ڕۆژ داهات ماڵی مامی فریای کەوتن و کۆمەکیان پێ کرد تا هاتەوە دۆخی جاران.

لە مشت و مڕی ئەمجارەی دەروونی خۆیدا و، پاش هەفتەیەك تێپەڕبوون بەسەر ئەو شەوە تووشە دڵی خۆی بەوە دایەوە:

- ئەم سەفەرە دەکەم! لەوێش منداڵە کورد زۆرن، پێویستیان بە مامۆستای کورد دەبێ، کەوابێ لەو غەوارەییەش لە ئیشی مامۆستاییەکەم بەردەوام دەبم و خزمەت بەوان و بە گەلەکەم دەکەم.

لەناو جلوبەرگەکانی دەستە جلێکیان کە لە هەمووی شڕتر بوو لەبەرکرد و، ئەوانی تریش تاکو پێی کرا خاوێنیانی کردەوە و جوان دەق و نوشتی کردن و ڕێی مەزاتخانەی گرتەبەر، هەرکە گەیشتە مەزاتخانە یەك دووانێك بانگیان لێ کرد:

- وەرە بۆ ئێرەی بێنە، ئەوانە چین و بەچەندن؟

- هەندێك جلکم هێناوە و دەمەوێ بیانفرۆشم.

- دەك سەلامەت بی، وامان زانی داو و دەرمانن.

- دەرمانی چی؟ بۆ ئێرە دەرمانخانەیە؟

- ئەدی چۆن، ئەو دەرمانەی لێرە دەست دەکەوێ لەکوێ هەیە؟ دەی باشە هەموویان بە چەندن؟

- ئەویان.... و ئەمیان ...
- برا! دەڵێی لەگوێی گایا نووستووی، ئەو جلە کۆنانە ئەو پارەیە لەکوێ دێنن؟
- براکەم! ئەم جلانە وا سووك و کەم نرخ نەبوون، چەند ساڵ مامۆستاییم بەو جلانەوە کرد و منداڵانم پەروەردە کرد، دوور نیە منداڵی ئێوەشیان تێدا بووبێ، بەڵام چی بکەم ئەوە زەمانەیەو پێم دەفرۆشێ.
پاش ماوەیەکی مامەڵە و سەودا بەشێکی تریش پارەی لەسەر دانا و هەر لەوێ چەند وەرەقەیەك و پەساپۆرتێکی بەکارهێنراویان بۆ پڕ کردەوە. ئەو چەند دراوەی پێی مابوو لەگەڵ ئەو چەندەی کۆی کردبووەوە و هەندێکیشی بە قەرزوفەرز پێکەوە نا. دراوەکان و وەرەقە و پەساپۆرتەکەی خستە گیرفانی کراسی سەرگۆشتەوە و، هەگبەی بیرەوەریەکانی بە شاندا دا و ئاخێکی نائومێدیی هەڵکێشا، بۆ سەر سنوور بە مەبەستی وڵاتی هەندەران کەوتەڕێ.
سەرەتای تەنیایی و هەستی نامۆیی لە دووری نیشتیمان و داماو وەك بازێکی بێباڵ لەو سەر سنوورە دەستی پێ کرد کە دەیویست پێیدا تێپەڕبێ. ئەو کە گەیشتە سەر سنوور دیمەنێکی زۆر ئاڵۆز و خەماویی بەرچاو کەوت تاکو ڕێی پەڕینەوەی پێ درا، یەکێك دەیگوت : شتەکانت تەزویرە، یەکێکی تر دەیگوت : ئەم شتانە مافی تۆی بەسەرەوە نیە و هی خەڵکی ترە بە دەستت کەوتووە. لە ڕاستیدا ئەو دەیزانی شتەکانی تەزویرە، بەڵام لە مەبەستی ئەوان نەدەگەیشت، بیری کردەوە پێشینیان دەڵێن: (بە قسەی خۆش مار لە کونا دێتە دەر) با منیش ڕجا و تکایان لێ بکەم بەڵکو دەربازم بکەن لێرە و ڕێگام پێ بدەن بپەڕمەوە.
پاش ئەوە هەرچەند هەوڵی دا لە گەڵیان هیچ سوودی نەبوو، لە دڵی خۆیدا وتی: تووشم بوو بە تووشی چیەوە؟ خۆ ئەمانە لە ماریش ڕەق و

وشکترن! کەس نازانێ چ قەومێکن و بە کام زمان دەدوێن! نیوەی کوردی نیوەی تورکی قسەدەکەن، لە بیرمە ساڵی کۆڕەوەکە پەنامان بردە بەر ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەمان، هەندێك بە زوبانێکی تر دەدوان کە نیوەی کوردی و نیوەی عەرەبی بوو، لە برا کوردەکانم پرسی: ئەمانە بۆوا قسەدەکەن؟ گوتیان : ئەوانە ئیتلاعاتن، لە ئێمەنین.

گوتم: ئیتلاعات یانی چی؟

گوتیان: ئەوانە دەزگایەکن سەر بە ڕژێمی ئێرانن و لێرە حوکمڕانی دەکەن، بە فارسی قسەدەکەن. من زمانی فارسیم بیستبوو، بەڵام تا ئەو کاتە نەمدەزانی ئەوەندە لە کوردی نزیکە.

ئەمجارەیان بیری کردەوە: تۆ بڵێی نیازێکیان نەبێ لەم بێنەو بردەیە؟ بۆیە ڕووی لە یەکێکیان کرد و پرسی:

- چارم چیە بۆ ئەوەی بپەڕمەوە؟

یەك لە پاسەوانانی خاڵی پشکنین مرەیەکی لێ کرد، هەندێك سەر و گۆلاکی هێنا و برد و وتی:

- بۆ تێناگەی؟ پارە بێنە و ڕەت ببە.

- ئەها، دەی باشە ها ئەوەندە دینار، ڕێم پێ بدە با بڕۆم.

- دیناری چی؟ دەکاتە ٨٠٠ دۆلار، پارەکەت بدە و جەوازەکەت دانێ دوو ڕۆژی تر وەرەوە پێتیان دەدەینەوە.

پاش ئەوەی زۆر ئازاری دەروونی کێشا، بەشێکی تریشی لە دراوەکەی گیرفانی کردە قوربانی پەڕینەوەی ئەو ڕێگایە تاکو مۆڵەتی پەڕینەوەیان پێ دا.

بارگەکەی بەشاندا دایەوە و، لەودیوی سنوورەوە بەسواری ئۆتۆمۆبیل بەرە و نزیکترین شار کەوتەڕێ. لە میوانخانەیەکی شاری کوردان کە پێشتر بۆی وەسف کرابوو بار و بارگەکەی کە هەموو لە کیسە نایلۆنێکدا

جێ کردبۆوە خست، پاش ئەوەی یەك دوو وشەی بە کوردی قسەکرد لەگەڵ کارمەندانی میوانخانەکە پشوویەکی بە ئارامی دا.

ئێستا دوو ڕۆژە لەو میوانخانەیەیە. هەرچەندە تاساوە، جێهێشتنی وڵات کاری کردۆتە سەر بیر و هۆشی، پێی وایە هەرچی گیان و دڵ و دەروونی هەیە جێماوە و بەزۆر دەیانەوێ هەیکەلەکەی لە خاکی نیشتمان دووربخەنەوە و، کۆچی پێ بکەن، بەڵام چونکە هێشتا بە کوردی دەدوێ ئارامی لەبەر ماوە. ئەو لەوە دەترسا لە مەڵبەندی کوردەواری دوور بکەوێتەوە و بگاتە دیوی بیانیان بە شێوە زمان و کەلەپور و کولتورێکی تر، ئەوا هەندەی تر باری دەروونیی خراپتر دەبێ و تۆزی غەریبی و پەردەی ماتەمی بەسەریا دەکێشرێ، هەرواش بوو کە پاش بیست و پێنج کاتژمێر بەسواریی ئۆتۆمۆبیل گەیشتە هەرێمی غەریبیان، کیسە نایلۆنەکەی دەست دایێ و لەپاش خەڵکەکە هاتەخوارەوە، هەر لەوێ بەرە و پیری تەکسیەك چوو، لەبەرئەوەی ئۆتۆمۆبیلەکە وێنەی فڕۆکەیەکی پێوەبوو، زۆر پێدەچوو لە فڕۆکەخانەوە هاتبێ و، گەشتیارانی دەرەوەی وڵاتی هێنابێ لەو کاتەشدا کوڕە لاوێك کیسە نایلۆنەکەی لێوەرگرت، دەستی بۆ لای تەکسیەکە درێژکرد و بە دەنگێکی ناسك و، بەدڵخۆشیەوە گوتی:

- ئەفەندم! بویرن.

ئەو لە دڵی خۆیدا ئەم دیمەنەی زۆر پێ سەیر بوو، لەم ئاکارەی کوڕە لاوەکە کە لە پێشیەوە ڕای دەکرد و بەرە و لای تەکسیەکە دەچوو نەدەگەیشت. بیری کردەوە : تۆ بڵێی ئەمانە ئەوەندە میواندۆست بن؟ جا باشە با میواندۆستیش بن، خۆ ئەمانە من ناناسن! ئەی باشە، خۆ ناشێ یەك لە قوتابیەکانی کۆنی خۆم بێ و بمناسێتەوە لێرە و بزانێ غەریب و نەشارەزام چونکە ئەوانیش هەموو پەرت و بڵاو بوونە! هەر دەبێ وابێ،

ئەگینا چۆن دەزانێ من ئەفەندیم؟
بە ڕاکە ڕاك لە دوای کوڕەی لاوەوە گەیشتە لای تەکسیەکە و، کیسە نایلۆنەکەی لێ وەرگرتەوە و لە پێشەوەی تەکسیەکە کە کابرای شوفێر دەمێك بوو دەرگاکەی بۆکردبووەوە دانیشت، ویستی پڕ بەدڵ سوپاسی کوڕە لاوەکە بکات، کاتێ رووی بۆ لای وەرگێڕا، بینی دەستێکی پان کردۆتەوە و، داوای شتێك دەکات. هەرچەند بە کوردی قسەی لەگەڵ کرد و ویستی بیدوێنێ، بەڵام بە هیچ جۆرێك لەیەك حاڵی نەبوون، شوفێرەکە کە تەماشای ئەوانی دەکرد زانیی لەیەك تێناگەن بۆیە هاتە وەڵام و وتی:
- بەخشیش وێر، بەخشیش وێر.
کاتێك وشەی بەخشیشی گوێ لێبوو تێگەیشت کە لاوەکە حەمباڵانەی دەوێت، دەستی کرد بە گیرفانیدا، چەند پارەیەکی وردی دەرهێنا و کردیە دەستی لاوەکە، بەڵام لاوەکە هێشتا هەر دەستی پان کردبووەوە، وا دیاربوو بەوەندە ڕازی نەبوو. ئەویش تەماشایەکی شوفێرەکەی کرد کە هەر وەستابوو و لەگەڵ لاوەکە چاویان تێك بڕیبوو، هەوڵی دا لەگەڵیان بکەوێتە قسە و بزانێ کوڕەی لاو چەندی پارە دەوێ، بەڵام بێسوود بوو لێیان تێنەدەگەیشت، خۆیشی بیری بۆ زیاتر نەدەچوو لەو پارەیەی پێی دابوون، کەوتە بیرکردنەوە: داخۆ هەڵگرتنی کیسە نایلۆنێك بۆ سی چل مەتر ڕێگا دەبێ چی بێ؟ خۆ من خۆم توانای هەڵگرتنیم هەبوو!
لەبەر ئەو ترس و تاوەی پێشتر لەبەری نرابوو دەربارەی گرتن و دەست بەسەراگرتن و ناردنەوە بۆ ئەودیو سنوور، هەرچۆنێك بوو بە چەند پارەیەکی تر ڕازیی کردن و، لەگەڵ شوفێرەکە بەڕێ کەوت. پاش ماوەیەك ڕۆیشتن ئەو کارتە بچووکەی کەوا ئەدرێسی ماڵی شێخی پێوە بوو (ئەو شێخەی داڵدەی لێقەوماوانی دەدا) دا بە شوفێرەکە، ئەویش سەرێکی بۆ لەقاند بە واتای: (باشە دەتگەیەنمە ئەوێ).

- ئەمە چی بوو؟ من دوو کاتژمێرە لەم ئۆتۆمۆبیلە دانیشتووم و شەقامەکانی ئەم شارە دەژمێرم، تۆ بڵێی شەقامەکانی ئەم شارە زۆربەیان لەیەك بچن! یاخود هەر هەمان شەقامە پێیدا دێینەوە و دەیپێوین؟ ئەدی بۆچی نەگەیشتینە جێ؟ سەرم سوڕماوە و ناشزانم لەگەڵیا بدوێم و پرسیاری لێ بکەم.

ئەم بیر و بۆچون و پرسیارانە کە بێ وەڵام لە مێشکیا دەهات و دەچوو باری دەروونیی زۆر پەرێشان کردبوو دەتگوت جۆگەیەکی بێبنە کە کەس نازانێ دەڕژێتە کام زێوە. لەرزی لێ نیشتبوو و لە ئەنجامەکەی دەترسا، بەخەیاڵ چەند سەردەمێك و چەندین لای جێهانی دەکرد، دەهات و دەچوو و، نەدەگەیشتە هیچ ئامانجێك، جارێك:

دەگەیشتە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان و، بە تەنها لە خانوویەکدا دەژیا، لەوێدا مامۆستای ئەو منداڵە کوردانە بوو کە ساڵەها بوو پەرگەندە بووبوون لەگەڵ دایك و باوکەکانیان، لەو کاتەدا ئۆتۆمۆبیلەکە تاسەیەکی گەورەی کرد، بەخۆ هاتەوە و تەماشایەکی شوفێرەکەی کرد ئاخێکی هەڵکێشا، پاش تۆزێکی تر دیسان خەیاڵ بردیەوە:

لە وڵات بە باشی گوزەرانی دەکرد، وڵات بنیات نرابووەوە و کێشەی ناوخۆ کۆتایی پێ هاتبوو، متمانەی خەڵکی بە پارت و ڕێکخراوەکان دروست بووبووەوە، پەرلەمانی کورد ڕێز و حورمەتی تایبەتی لەناو جەماوەری کورد هەبوو و هەر لەبەرئەوە لە دەرەوەش ڕێزیان لێ دەگرت و نرخیان بۆ دادەنا و ئەویش بە ئاسوودەیی لە کارەکانی بەردەوام بوو، هەموو کارێك شێوەی یاسایی خۆی وەرگرتبوو، خەڵك بە کاسبی جۆراوجۆر و جوانەوە سەرقاڵ بوون، تەزویرکاری نەمابوو، خۆیشی لە پیشەکەی خۆی کە مامۆستایی بوو بەردەوام بوو، هەر لەو کاتەدا بە قیژەقیژێکی بەرز خەبەری بووەوە، جارێکی تر ڕووی بۆ لای کابرای شوفێر سوڕاند بینی وا

خەریکی دەمەقاڵێیە لەگەڵ شوفێرێکی تر، هەریەك لە ئۆتۆمۆبیلەکەی خۆیانەوە سەریان دەرهێناوە و بەسەر یەکدا دەقیژێنن، دیاربوو لەسەر پەڕینەوە لە شەقامەکە بەشەڕ هاتبوون.
پاش ئەوەی جارێکی تر بەڕێکەوتنەوە و، پاش تاوێك ئارامی گوێی لێ بوو کابرای شوفێر بە زمانی خۆی هەر خەریکی جنێودان و بۆڵەبۆڵە، تەماشایەکی کرد، بینی وا سوور هەڵگەڕاوە، ئەویش خەیاڵ بردی بەرەو جیهانی خۆی ئەمجارەیان:
زانیبوویان خەڵکی ئەودیوە و نیازی وایە بەرەو ڕۆژئاوا بڕوات، هەڵبەتە بەشی ڕێگا پارەوپووڵی پێیە و بە قاچاخ لەو وڵاتەدا ماوەتەوە، لە بازاڕە و بەدوای چێشتخانەیەکی (ڕێستورانگ) هەرزاندا دەگەڕێ پاروە نانێکی لێ بخوات، زۆریش دەترسا لەوەی ئاشکرابێت و بیگرن، هەر هەندەی زانی بەگوێیدا چرپا لە دەور و بەریەوە بانگ دەکرێ بە زمانێك کە ئەو لێی حاڵی نابێت، ترسێکی گەورە سەرتاپای لەشی داگرت وەك ماسیەك کە پەڕەکانی لەشی لە تۆڕێکی کون کونی بچووکدا گیری خواردبێ، چاوەکانی لێك کردەوە و تەماشایەکی لای چەپی خۆی کرد بینی کابرای شوفێرە رووی تێکردوە و دەڵێ:
- ئەفەندم! بوردە.
لەو کاتەدا پشوویەکی هاتەوە بەر و، زیاتر لە شوفێرەکە ورد بووەوە کە دەستێکی بۆ ماڵێك درێژکردبوو و قسەی بۆ دەکرد، تێگەیی گەیشتوونەتە ماڵی شێخ، وەك نێرگز گەشایەوە و وەك لاولاو باڵای کرد. دەستی بە گیرفانەکەیدا کرد چەند پارەیەکی دەرهێنا و لە دەستی شوفێرەکەی کرد، بەڵام دیاربوو ئەمیش بزەی لێوە دەهات بەوهەندە پارەیە و، نارەزایی خۆی بەو بزەیە نیشان دەدا. ئەو نەیدەزانی گفت و گۆی لەگەڵ بکات بۆیە هەر لە شوفێرەکەی

دەڕوانی و جۆش دامابوو، پاش تۆزێك شوفێرەكە كە هەر چاوەڕوان بوو، هاتەوە قسەو وتی:

- ئەفەندم! ئویچ سەعات..

ئەو لە خۆشی ئەوەی بە سەلامەتی و بێ بەڵا گەیشتەجێ، بەپێی ویستی شوفێرەكە پارەی داپێی و بەڕێی كرد.

ئێستا شەش دانە مانگە بە نهێنی و بە ترس و لەرز ژیان بەسەر دەبا، هەر كاتژمێرێك بە ڕۆژێك و ڕۆژێك بە مانگێك و، مانگێك بەسەدەیەكە لای. پاش ئەوەی ئاشنایی لەگەڵ چەند كەسێكی تری خەڵكی وڵات پەیدا كردبوو، پێكەوە گواستبوویانەوە ژوورێكی بچووك و پێكەوە ژیانیان بەسەر دەبرد، بەڵام چ ژیانێك؟ ژیانێكی سەرتاپا ئازار، نامۆ و هەست بریندار، پارە و پووڵ ڕووی لە كۆتاییە، لێی دەڕوا و نایەتە جێگای. كار نیە، خۆ گەر هەشبێ نایدەن بەو، گەر داشیان پێی، چۆن دەوێرێ خۆی ئاشكرا بكات و بچێ بۆ سەر كار؟ هەواڵەكانیشی هەر بەو شێوەیە ژیانیان لەوێدا بەسەر بردبوو. سەرەتا ئەو كە هاتە ئەوێ گێڕابویانەوە كە جەندرمەكان چەند خێزانێكیان هەر لەوێدا دەستگیر كردووە و پاش ڕووتكردنەوە، سووكایەتیشیان پێ كردوون و دەریان كردوون بۆ ئەودیو سنوور.

لەگەڵ ئەوانەشدا ئەو خۆی زەبر و زەنگی جەندرمەكانی سەر بەو ڕژێمەی بینیبوو كاتێك هاتبوونە وڵاتەوە، هەموو جۆرە یاسایەكی مافی مرۆڤیان پێشێل كردبوو، خەڵكیان بەدوای تانك و زرێپۆشەوە ڕاكێشابوو، بەزەییان بە ئافرەت و گەورە و بچوكدا نەهاتبۆوە.

ئەو بەیانیەی كەوا یەك لە هاوڕێیانی بەدەم دەرگا لێدانەوە چووبوو، دەستگیر كرابوو و، پاش ئەوەی چەند ڕۆژێك بێ سەر و شوێن كرابوو، دوایە هەر لەلایەن جەندرمەكانەوە ڕەوانەی سەر سنوور دەكرێ و، لەوێدا ئەویش دەر دەكرێ. پاش بیستنی ئەم هەواڵە و، لە كاتێكدا گیرفانیش

هەروەك بۆ خۆی بەتاڵ بوو، هەر پێنج هاورێ کە جێگایان پێ تەنگ کرا لەوێ بڕیاریان دا ڕێگای ڕۆیشتن بەپێ بگرنە بەر و لەو وڵاتە بچنەدەر.
بە هەر جۆرێك بوو خۆیان گەیاندە سەر سنوور بە مەبەستی پەڕینەوە بۆ دیوی ڕۆژئاوا، لەو شەوەزەنگەدا و لە کاتی ڕۆیشتندا زۆر بە زوویی چوار لەو هاوڕێیانە بە دەنگی تەقینەوەی مین و گوللەبارانی جەندرمە دواساتی ژیانیان لە دەست دا. پشتیوان کە لەسەر یەکلا کەوتبوو، بەڵام بە ئاستەم هێزی لەبەرمابوو هاواری کرد:
- مامۆستا شێرکۆ ماون؟
بەڵام مامۆستا شێرکۆ هەر زوو لەگەڵ تەقینەوەی مینەکان و دەستڕێژی جەندرمەکان لەگەڵ (هێژا و ئەڤین و سەرخێڵ)ی هاوڕێی گیانیان لە دەست دابوو.
پشتیوان کە وەڵامێکی لە هیچ کام لە هاوڕێکانیەوە وەرنەگرت، بە هەر چۆنێك بوو لاقەکانی لەدوای خۆی ڕاکێشا و بە خشکەخشك بەرەو لای هاوڕێکانی کە چەند مەترێك لێوەی دووربوون چوو، ئەویش لەبەر سەختیی برینەکەی، لەپاڵ ئەوان و هەر لەوێداماڵئاوایی لە ژیان کرد.
بۆ بەیانی کە ڕۆژ بووەوە، جەندرمەکان بە لافی سەرکەوتنەوە بۆ شوێنی ڕووداوەکە هاتن، یەك لەوان کە مێردمنداڵێك بوو کاتێك گیانی بێهەست و نەست و پارچە پارچەی ئەم مرۆڤە بێتاوانانەی بینی، ویژدانی مرۆڤایەتیی جووڵا و، خۆی بۆ نەگیرا بۆیە دایە پڕمەی گریان و فرمێسکی چاوەکانی کە وەك کانیەك تازە چاوی کردبێتەوە پێ بەربەست نەکرا، هەر ئەوەندەی بۆکرا هاتە زمان و وتی: بۆ بیان کوژین؟
هەر لەو کاتەش سەرۆکی جەندرمەکان کە شارەزا بوو لەو جۆرە کارانە هات بە لایەوە، دەستێکی بەسەردا هێنا و وتی: گوێی مەدەرێ کوردن.

# ئەو ئەشکەی باڵی گرت

دەیویست هەرچیی هەیە گەر پارچە نانێکیش بێت بیکاتە دوو لەت، لەتێکیان لەگەڵ ماڵ و منداڵەکەی ژەمی پێ بە ڕێ بکات و، لەتەکەی تری بۆ ئەو هاونیشتیمانە ئاوارە و سەرگەردان و ڕەشپۆشانە، منداڵە باوک شەهید و کەسوکار ئەنفال کراوانە بنێرێت کە لەو وڵاتە و لەسەر ئەو خاکەی خۆی چاوی لێ هەڵهیناوە وەك ڕەوە پەپوولەی بەر ڕەشەبای گەرم کەوتوو هەریەکەیان پەرەوازەی لایەك بوونە، برسی و تینوو بێ لانە و بێ حەسانەوە، ڕووت و ڕەجاڵ و بێکەس، ئەو جگەرگۆشانەی لە ئامێزی گەرمی دایك و لە دەست بەسەرداهێنانی نەرمی باوکانە بێبەشن. ئەو هەموو جاران دەیگوت:

- براکانم! نە دونیا وەفای بۆ کەس هەیە، نە ژیان ڕۆژێك و دوو ڕۆژە، ئافەرم بۆ ئەوکەسەی خۆی نادوڕێنێ، خۆزیا ئەم ئاواتەم دەهاتەدی و بە چاوی خۆم دەمبینی کە هەموو هاونیشتمانانم هەمان هەڵوێستیان دەبوو پێش ئەوەی بکەومە دنیای فانی.

ئەو ڕۆژەی کە دیاربوو تازە لە وڵاتەوە تەلەفونیان بۆکرابوو و، هەر لێرەش واتە لە وڵاتی غەریبیان لەگەڵ هاوتەمەنێکی خۆیان حەوت و هەشتیان بووبوو، لەو کاتەش چەند میوانێکی خۆیی ی لێ بەژوورکەوتن کاك خدر وتی:

- دەك یاخوا هەموو میوانی چاك بەخێربێن! هەرئەوەندە خوا بکا ئێوەش وەك خۆتان مابن باشە!

قەدریەی خێزانی کە گوێی لە قسەکانی کاك خدر بوو وتی:

- پیاوەکە جارێ لێیان بگەڕێ با دابنیشن و تۆزێك بحەسێنەوە، ئەوجا

دەست پێ بکە.
- ژنەکە! ئەوانە من دەناسن و برادەری دێرینەی خۆمن! خۆ گەر وەك خۆیان مابن ئەوا لە قسەکانی من تورە نابن و گەر ئەوانیش خۆیان لەبیرکردبێ ئەوا کەیفی خۆیانە.
هەڵبەتە ئەوانەی لە نزیکەوە شارەزای هەستی ناسکی کاك خدر بوون بە هیچ جۆرێك لێی زویر نەدەبوون، هەرچیی ئەو دەیگوت گەر مرۆڤ پێیشی هەڵنەسووڕایە ئەوا دەیزانی ڕاست و دروستە. میوانەکانیش خەندەیەکی نەرممیان کرد و چوون دانیشتن.
کاك خدر پاش بەخێرهاتن و چاکوچۆنی و هەندێك هەواڵپرسینی وڵات وتی:
- ڕۆژێکیان بە خۆمەوە چوار برادەری دڵسۆزی یەکتر بووین لەو ناوچە خۆشناوەتیەی کوردستان کە ئێوە پێی دەڵێن خوارووی کوردستان دیارە هەر وایشە، پاش ئەوەی چوار دێ و دوو هەورازی بەرزی شاخێکمان بڕی گەیشتینە دێیەك، گەر هەڵەم نەکردبێ ناوی (کونە فلووسە) بوو، برادەرێکمان کە تەندروستیی زۆر باش نەبوو و نەیدەتوانی وەك ئێمە ڕێگا ببڕێ و لەو هەورازەش هەموو جار زۆر ماندوو دەبوو، بۆیە هەرجارێك نزیکی ئەو دێیە دەبووینەوە دەیگوت: دیسان (کونە عانە)یە؟
سەرتان نەیەشێنم تا بڵێی ماندی، برسی بووین و لە سەرمان چیرەی ددانەکانمان ڕۆژە ڕێیەك دەڕۆیی، ئیتر لامان دایە ماڵێك، کە لە دەرگای ماڵەکەمان دا کچە بچکۆلانەیەك ئاوا تەمەنی یانزە ساڵێك دەبوو دەرگای لێ کردینەوە و، ئێمەش هەروەك کردبوومانە عادەت پرسیمان:
- میوان ڕادەگرن؟
کچە بچکۆلانەکە هەڵوەستەی نەکرد و وتی:
- ئا، ئا، فەرموون.

هەر چوارمان چوین لە بنەبانی ماڵێ دانیشتین، ماڵەکە لە دوو ژوور و حەوشەیەکی بچوك پێکهاتبوو، لای ڕاستی دەرگای حەوشەکە پیرە ماینێکی لێ بەسترابۆوە، وا پێدەچوو ماڵەکە زۆر هەژار و نەدار بن. منداڵەکە هات سۆبەکەی پێکرد و، ئێمەش خۆمان گەرم کردەوە و هەرچی سارد و سڕیی گیانمان بوو بەگەڵ هەڵاوی سۆبەکە کەوت، پاشان ئەوەی خوا بە قسمەتی کرد بۆی هێنایـن و، ئێمەش تێرمان لێ خوارد و ئەوجارەش بۆڵەبۆڵی سکمان کپ بووەوە. داخەکەی گرانم ئەو کچە چکۆلەیە گەرمی کردینەوە و تێر نانی کردین، لەو ناو شاخ و داخە بە چوار زەلام قلە نوقڵێکمان پێ پەیدا نەبوو بیدەینێ.

ئەی براکەم! ئەوە حاڵی گەلەکەمانە، ئەمە نموونەیەکە لە هەزاران بەسەرهاتی وای تر، جا نەهەقم مەگرن کە دەڵێم ئافەرم بۆ ئەوەی خۆی نادۆڕێنێ.

قەدریەی خێزانی کاك خدر کە دەمێك بوو بێدەنگ بوو، وتی:

- جا باشە بۆ خۆمان دۆڕاندووە؟ هەر کوردین و بە کوردی قسەدەکەین خواردنیشمان هەر خواردنی کوردەواریە، جلوبەرگیشمان نەگۆڕیوە و ئەوا لەبەر پیری زمانەکەش فێرنابین و ئیتر چی؟.

کاك خدر: هەندێك لەوانە کە خۆیان لەبیرکردووە، چاکە خودا ڕەحمی کردووە فێرە ئەم زمانە نابن، ئەگینا کوردیەکەش لەبیردەکەن.

قەدریە : ئەی وەك تۆ باشە؟ دوو قرۆش پێکەوە دەنێین گورج دەچی دەیکەیتە دۆلار و کەس نازانێ بۆ کێی دەنێری؟

- ژنەکە! بۆ کێم ناردووە؟ خۆ تۆش ناوی ئاودیوکەرم لێ نانێی وەك ئەوانەی لای خۆمان ئەو ناوەیان پێوە نراوە؟ من بۆ هەژار و نەدار و پەککەوتەی وڵاتی خۆمی دەنێرم. ئەو جەماوەرەی کە برسیمان دەبوو لە دەرگای ماڵەکانیانمان دەدا و بە خۆشی و بەترشی بوایە نان و ئاویانمان

دەخوارد و، کاتی لێقەومان حەشارمانیان دەدا، گەر ئەو گەلە نەبوایە ئەو شاخە بەرزانەی کوردستانیش، ئەو کێوە سەرکەشانەش نەیاندەتوانی دالّدەمان بدەن، بۆیە ئێستا کە لێیان دوورین زۆر ستەمە لەبیریان بکەین.
- تۆ هەروا بڵێ! ئەو ڕۆژەی دایەرەی سۆسیال لەماڵمان بوون نەیانگوت: ئەو کۆمەکە داراییەی بە ئێوەی دەکەین هەر بۆ بژێوی ژیانتانە؟
- کچێ ئاخر ئەوانیش سوسیالی ئێمە بوون! ساڵەهابوو بەخێویان کردین. چەند شۆڕش و بزوتنەوەیان پەروەردە و گەورە کرد.
- ئەدی نەیانگوت: هەر بەشی خۆتان دەکات؟
- تۆ زۆر سەیری ژنەکە! باشە ئەگەر من جارجارە ژەمێك کەمتر بخۆم زیان بەکەس دەگەیەنم؟ بۆ ئەوەی زۆر بخوا زۆر دەژی؟ ئەدی بەوانەی کەوا بۆ ناوقەد باریکی و شۆخ و شەنگی ڕەجمی لە نانخواردن دەکەن و شەوگەڕ دەکەن دەڵێی چی؟ گوایا خەباتی ئەوان لە هی من پیرۆزترە؟
کاك خدر و قەدریەی خێزانی دەمێك بوو بێ پشوو و بە گەرمی لە بۆچوونی یەکتر دەدوان، جارو بار هەڵدەچوون و پاشانیش نیگایەکیان لە میوانەکان دەکرد ئارام دەبوونەوە، بەڵام نەدەگەیشتنە هیچ ئامانجێك.
ئەوان سەرقاڵی مشت ومڕی خۆیان بوون، لەپڕدا لە کەناڵێکی تەلەفیزیۆنی ئەم وڵاتەوە کۆمەڵە منداڵێکی جوان و ژیکەڵە و چاومەست پیشان دران کە لە دەوری دێیەکدا کۆمەڵەکرابوون..
- مام خدر: ئەها، چەن جوانن! دەڵێی منداڵە کوردن!
دروست بوو، ئەو منداڵانە بە ئاو و هەوای ئەو کوردستانە پشکوتوو بوون، وەك ڕەوە فەرەقەتێیەکی ورد و لانە تێکچوو لەناو پەرێزدا ئەوانیش لەپاڵ کەلاوە ڕووخاوەکانی دێیەك ڕیزکرابوون و وێنەیان دەگیرا لەلایەن بیانیەکانەوە، یەکێك لە بیانیەکان بە زوبانی خۆی دەیگوت:
- منداڵانی کورد بەو شێوەیە گوزەران دەکەن، هەر لە ڕۆژی بەش بەش

بوونی خاکی ئەم گەلەوە ئەوانیش تووشی شەڕی بەرگری بوونە لەگەڵ نەیارانی خۆیان. لە ئەنجامی شەڕی درێژ و دژواری کوردەکان لەگەڵ داگیرکەرانی وڵاتەکەیان دووچاری ماڵوێرانی زۆر بوونە، باریان پێکراوە و لەم دێ و ناوچەیە بۆ دێ و ناوچەیەکی تر گوێزراونەتەوە، بە عەرەب و تورك و فارس کراون و ئەمانەیان لەجێ نیشتەجێ کراوە، زۆربەی دێهاتەکان سووتێنراون، یاخود بە شەلفەی بلدۆزەر هەڵکەنراون و رووخێنراون.

ئەم منداڵانەی دەیانبینن کوردن و، لە ئەنجامی باراندنی گازی ژەهراوی بە ئاسمانی ئەم ناوچەیەدا، خۆیان و خۆیان ماون بێ دایکوباوك، بێ کەس وکار، بێ لانە و جێگا، نەبوونی تەنانەت جلی شڕوپڕیش. لە مزگەوتەکان و لای خێرۆمەندان بەکۆڵەواری ژیان بەسەر دەبەن.

لێپرسراوی پێشکەشکەری بەرنامەکەش هەر بەو زمانە دەیگوت:

- تکایە ئەوەی دەیەوێ کۆمەك بە منداڵانی کوردستان بکات دەتوانێ بەم ژمارە پۆست گیرۆیە (.....) یارمەتی دارایی ی خۆی بنێرێت و ناوی لێ بنێ (منداڵانی کوردستان).

کاك خدر کە هەردوو چاوی بە هەموو تیشکی بینینیانەوە بڕیبووە شاشەی تەلەفیزیۆنەکە و گەرمترین ئەسرینیان پێدا دەهاتە خوار، ئارەزووی دەکرد جارجارە خەیاڵ ڕاست بێنێ، ئەویش بتوانێ لە تەلەفیزیۆنەکە بچێتە ژوورەوە و یەك یەك چاوی ئەو منداڵانە ماچ بکات و لە ئامێزیان بگرێ، بەڵام کە ڕوویەکی سووڕاند، قەدریە و میوانەکانی بەدی کردەوە، قەدریە ئەوکات لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو، کاك خدر هەناسەیەکی ساردوسوڕی هەڵکێشا، دڵۆپێك لە فرمێسکەکانی چاوی بەر هاژەی هەناسەکەی کەوت و وەك پەپولەیەك لە لاچەپی ڕوومەتی قەدریە نیشتەوە.

کاك خدر کە هێشتا دیدەکانی نوقمی ئەشك بوون ، ڕووی لە هاوسەرەکەی

(قەدریە) کرد و وتی:

- گیانەکەم هەمووت بینی؟

قەدریە کە ئەویش لە تاوان سەرتاپای گیانی دەلەرزی و وەك ئەوە وابوو مەنجەڵە ئاوێکی ساردی ئەم ئاو و هەوایەی بەسەردا کرابێ وتی:

- پیاوەکە! تۆ کە ئەوەندە دڵسۆزی گەل و نیشتمان بیت، چاکترین وەفاداری منیش دەبیت. سا شەرت و وەعدە و قەرار بێ هەرگیز ڕێت لێ نەگرم.

کاك خدر زۆر بە شادی و خۆشیەوە وتی:

- ژنەکە! ئەوەی بۆمن گرنگە: هەبوون بم و نەبوون بم، خاوەن ڕەوشتی خۆم بم!

# لاڵو حەمۆل

ئای لەم دەرد و قوڕبەسەری و کوێرەوەریە، ئای لەمماڵوێرانی و دەربەدەریە. نازانم ئەم بەشەرەی خوا خەڵقی کردووە بۆ دەبێ زۆربەیان هەر لە سەرەتای دروستبوونیانەوە کێشە و چەرمەسەری لەگەڵیانا لە دایك بێ و وەك یەکێك لە ئەندامەکانی لەش لەگەڵ تەمەنیانا بێ و تاکو دوا هەناسەش لێیان جودا نەبێتەوە؟ کورە خۆ من هەرچەندە لەم زمانە و کێشمە کێشمەیەی ئەمانە تێشناگەم، بەڵام دەبینم ئەمانیش کێشەی ناوخۆ و دەرەوەیان هەیە، کەچی بۆ هەر کێشەیەك چارەسەریەکیان دۆزیوەتەوە، خۆ هەر کەسێك ئەگەر بە هەوەسی خۆیشی بڵێ نەخۆشە و کێشەی دەروونیی هەیە، ئەوا چەندین جار دەیهێنن و دەیبەن و پزیشك و نەخۆشخانەی باشی پێ دەکەن و چەندین کەسی وەك ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی و شتی تری بۆ دابین دەکەن تاکو لە بنج و بنەوانەی تەنگوچەڵەمەکانی ژیانی دەگەن، خۆ ئەگەر شەش دانە مانگیشی پێ بچێ ئەوا لە یەقەی نابنەوە.
تەماشای ئەو کوردە بەدبەختەی خۆشمان دەکەم هەرچی چەرمەسەریی بەسەر دێ و ڕۆژانیش لێی زیاد دەکا، دەبێ هەمووی بە تەنیا بە شانی خۆیدا بدا و کەسیش نیە دەسبارێکی لەگەڵدا بدا، جا وەرە مرۆڤ خۆت ڕاگرە لەو هەموو دەردەسەریەی هەیە.
لالۆ حەمۆل کە نیوەی ژیانی بۆ خزمەتی گەلەکەی پێشکەش کردبوو، ئێستاش کە بەساڵا چووە و کەوتۆتە ئەم وڵاتی غەریبیە، بەدڵ هەر لە خزمەتی گەل و خاکەکەیدایە، هەروەك خۆی دەڵێ:
- ئەگەر هیچیشم پێ نەکرێ، پڕ بە دڵ خەمیان لێ دەخۆم، شەوان تا

درەنگ بیر لە گوزەرانیان دەکەمەوە، زۆر شەوان کە هەر بە بیری ئەوانەوە خەوم لێ دەکەوێ، لە خەونەکەشدا هەر لەگەڵیانم.
ئەم ئاخ و داخانە هەمیشە لەسەر زاری بوو و، لاسوچێکی هەر بابەتێکی لالۆ حەمۆلیان داگیرکردبوو، بۆیە ئەویش لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ دۆستەکانی خۆی و جارجارە لەگەڵ بیانیەکانیشدا لە ڕێگای زمانزانەکانەوە دەیوتەوە و، زۆرجارانیش کە لە ماڵەوە ڕادەکشا، گەر کەسیش نەبووایە گوێی بۆ بگرێ لەبەر خۆیەوە دەیگوتەوە و، هەناسەی ساردی بۆ هەڵدەکێشا.
پلە خەدیجەی خێزانیشی هەندێك جار دڵی دەداوە و دەیگوت:
- کورە دەی پیاوەکە! گوێی مەدەرێ، چی بکەین دونیایەکە ئەوهایە، خۆ بە خەفەت و دڵ توندیی تۆ هیچ شتێك چاك نابێ، خوا بۆخۆی باش دەزانێ دیارە ئەم دونیایەش وا هەڵدەگرێ، ئەگینا ئەو گەورەیە و چاوی هەموو لایەك دەبینێ، خوا چاکی بکا بۆ هەموو لایەك.
هەندێك جاریش پلە خەدیجە حەوسەڵەی نەدەما و بێ هێزی ڕووی تێدەکرد، چاوێکی لە لالۆ حەمۆل دەکرد و، دەیگوت:
- پیاوەکە دەبا بەس بێ، ئەم باوکەڕۆیەی تۆ لە سووچی ئەم ماڵە پێم ناڵێی چیی لێ دەردەچێ؟ لەم غەریبیە خۆمان لە خۆمان نین و ئەو هەموو سەردولکانەی تۆش ئەوەندەی دیکە دڵمان پڕ دەکات جاری وا هەیە وەختە لە پێستی خۆمان بچینە دەرەوە.
ئەو ئێوارەیەی لالۆ حەمۆل لە سەردانی هاوەڵێکی گەڕایەوە ماڵەوە، دیار بوو دیسان دڵی زۆر ناڕەحەت بوو، بۆیە پشوویەکی خواردەوە و وتی:
- ئای دەستەکانم بۆتان بشکێ ڕۆڵەکانم! ئای کوێراییم دایێ بێگوناهەکان کە ئاوا لەو ڕێیە دوورە و بە بێکەسی و لە پێناوی هیچ بوونە قوربانی ئەم دونیا تاڵە.

داخۆ لاشەی هەریەکێکتان لەکوێ دەکەوێ و دەبنە خواردنی ماسی و جانەوەری تری ناو ئاو، یا لە لێواری ئەو ئاوانە گیردەخۆنەوە و حەیواناتی درندە ئەو لەشە مردووانەتان پارچەپارچە دەکەن و دەتانخۆن، یاخود هەر لەو لێوارانە کەوتوون و شەپۆلە زلەکانی ئەو زەلیایە قوڕ و لمتان بەسەردا دەدەن و بزرتان دەکەن، ئای خوایە! بڕۆکەك دەسەلاتم هەبووایە لەم دونیایە.
ئای دەستی شکاوم تۆ بڵێی مارومور ئەوەندە بێئەمەگ بن ئەو لەشە بێکەس و چارەڕەشەی ئێوە کون کون بکەن و بەکەیفی خۆیان جلیتانێی تیا بکەن و بتانکەنە ژەمەکانی خواردنی خۆیان؟
هەر لەو کاتەدا پلە خەدیجە کە خەریکی نوێژکردن بوو، خێرا کۆتایی بە نوێژەکەی هێنا و بەرماڵەکەی چوارقەد کرد، چوو لە دۆلابی ژووری نووستنی دانا و، بە پەلە هات وتی:
- پیاوەکە! بۆ وا دڵپڕی ئەمڕۆکە؟ خۆ تۆ هەر وا بوویت، بەلام ئەمڕۆ زۆر جیاوازیت هەیە لەگەڵ جارانی پێشوو. توخوا هەرچی بووە زووکە پێمان بڵێ دڵم شەقی برد.
- لالۆ حەمۆل: کچێ خەدیج! چیتان پێ بڵێم؟ ئەی چۆن دڵت شەق نابا؟ تۆش دایمە پێم دەڵێی سەردولکەمان بۆ دەڵێی و بارمان گرانتر دەکەی و دڵمان دەگری و ئەم قسەو قسەلۆکانە، ئەوە دیسان دەڵێن:
بەلەمێك لە ئاوەکەی نێوان تورکیا و یۆنان وەرگەڕاوە و پڕ بووە لە کوردی قەلەندەری خوارووی ئەو کوردستانە، زۆربەشیان کوڕ و کچی گەنجن و دەڵێن ژن و منداڵیشی تێدابووە. ئەی لەمە قوڕبەسەریتر هەیە؟ ئەی لەمە جەور و ستەم ترو کارەساتی گەورەتر هەیە؟
لە وڵاتی بێگانان و، کاروانی ڕێگای هەندەران و ژیان بمری و، کەسێکی خۆتیش لەدیار سەرت نەبێ لەکاتی سەرەمەرگدا قومێ ئاو بکاتە

دەمتەوە؟ داخوا چەند هاواری خزم و کەسیان کردووە! ئای بەقوربانتتان بم ڕۆڵەکانم! دەك خوا سەبەبکارتان بگرێ.
لەولا هەر دوژمنەکان ماڵ و حاڵمان لێ تێکدەدەن و پێدەفرۆشن و وەدەرمان دەنێن، لەملاش ئاوا دەبینی تورکەکان پارە و پووڵەکانمان لێ وەردەگرن و بە قەولی خۆیان دەمانپەڕێننەوە بۆ ئەوروپا و لە ڕێگەش تەقەمان لێ دەکەن! دەك خودایە هەڵینەگری لەو زاڵمانە، سەبری درێژت کورت بکەیتەوە.
- پلە خەدیجە: کورە ئەوە بەڕاستتە؟ دەك زەلیل بم! خوایە بیکە بۆ خاتر ئەم نوێژی ڕۆژی جومعەی مومبارەکە ڕەحمێکمان پێ بکەی! خۆ عەدنانی برازامیش هەر لەو ناوە بوو و، بەتەمای دەرچوون بوو بۆ دەرەوە، چەندم پێ گوت، کورە خۆت لەو ڕێیانە مەدە دانیشە بۆ خۆت و ئاگات لەو دایکوباوکە پیرەت بێ، وا ئێمە تووش بووینە با تۆش نەکەویە داوی غەریبی و بێکەسی.
لالۆ حەمۆل: ئافەریم خەدیج بۆ خۆت و قسەت! وەڵا تاکو من و تۆ و هەموومان ئاوا بیر بکەینەوە حاڵی ئەم کوردە لەمڕۆ باشتر نابێ (ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار)، هێشتا لەکوێتە ڕۆژی خۆشی ئەو خەڵکەو ئێمەش ئەمڕۆ دەبێ.
جارێ هێشتا برازات لەجێو ڕێ و شارەکەی خۆیتی و نەپەڕیوەتەوە بۆ سنووری تورکیا، تۆ لێرە خەمی بۆ دەخۆی و باوکەڕۆی بۆ دەکەی! ئەدی بۆچی باسی ئەو هەموو ژن و منداڵ و لاوانەی تر ناکەی کە جاری دی وتیان هەر بەلەمێك زیاتر لە بیستوپێنج کەسی تیایە و قاچاخچیەکانیش هەند و نیوێکی لێ بار دەکەن بۆ ئەوەی لە هەر سەفەرەی پارەی زیاتریان دەسبکەوێ. کەچی گلەییش لە من دەکەی گوایە خەم بۆ ئەو هەموو خەڵکە دەخۆم.

ئافرەت! تۆ تازە لەنوێژی جومعە بویتیەوە، دەی، لەو خوایە بپاڕێوە هەموو نەخنکابن و خەڵکی سەلامەتیان تێدابێ، ڕەحمێك بەو منداڵە ورد و ژن و لاوە بێگوناهانە بکات و سەبەبکاریش بگرێت و ئاوێکیش بەو ئاگرەی لای خۆماندا بکات.

- پلە خەدیخە: کورە من لەوەتای هەم وا دوعا دەکەم! با دوعای منیش لەپاڵ دوعای تۆ بێ، یاخودا هەمووماان بپارێزی و ئەو وڵاتەش بۆمان ئاوەدان بکەیتەوە، بەڵکو ئێمەش بگەڕێینەوە سەر جێگا و ڕێگا و مەوتەنی خۆمان. لەم غەریبی و بێکەسی و لێقەوماویە و دڵ پڕ کەسەریە سەرنەنێینەوە.

- لالۆ حەمۆل: ئای دەمخۆش ژنەکە. ئاوا تەواوە.

دەسا ئێوەش! لێم مەگرن ئەم سەردولکانە من بەبێ کوردان ماڵم وێرانە.

# ساموٚتکەی ژیانێکی ناموٚ

کوڕ و کچە شیرینەکانم! ئەزین، ئارون، نینا و نیشاو!
وەك پێتانم وتووە ئاگاتان لە دەمی خۆتان بێت، نەکەن هەر لە خۆتانەوە بکەونە ناو قسە و باسەوە و هەموو شتێك بڵێن!
دەڵێن: (زمان لێ بگەڕێ سەر سەلامەتە) ئێمەی لێقەوماو کورد، خەڵکی ئەو کوردستانە شیرینەین، بە ناچاری و لەژێر زەبروزەنگی داگیرکەرانی خاکوخۆڵی نیشتمانەکەمان یانی دوژمنانی کورد، داخەکەی گرانم بەم دواییەش شەڕی ناوخۆی لایەنە کوردیەکانی خۆمان وایان کرد جێگامان لە وڵاتی خۆمان نەبێتەوە و ڕوو بکەینە ئەم غوربەتیە و بپاڕێینەوە بۆ ئەوەی داڵدەمان بدەن و لێبگەڕێن لەگەڵیان و لەسەر خاکەکەیان بژیین.
باس نەکەن لە ڕێگای (.....) هاتووین، چونکە دەڵێن وەختی خۆی لە ڕێکەوتننامەی ژنێف کۆنە وەزیرێکی ئەوانیش مۆری کردووە کەوا پەناهەندە وەردەگرن و ناسنامەی کاریان دەدەنێ، دوایە دەمانگەڕێننەوە ئەوێ، ئەوێش بۆ ئێمە هەر بەزم و ڕەزمەکەی لای خۆمانە، لەوێش هەر ڕەزاگرانین و هەرگیز مافی کەسێکی خەڵکی ئەو وڵاتەمان پێ نابەخشن، ئەوانیش تینون بە خوێنی کورد، لە داگیرکردن و تاڵانکردن و زوڵمورزۆری لە کوردان هاوبەشی نەیارانی تری کورد بوونە، ئێستاش پارچەیەکی ئەم کوردستانە خۆشەویستە هەر لە ژێر چەپۆکیاندایە.
مام برایم زۆر بەترسەوە هەمیشە ئەم ئامۆژگاریانە ی منداڵەکانی دەکرد و، داوای لێ دەکردن ئەوەی لە دڵیاندایە نەیدرکێنن، لەگەڵ ئەوەشدا بیری دەکردەوە! تۆ بڵێی ئەم منداڵانە ئەوەندە وشیاریان تێدا بێ ئەم نهێنیە بپارێزن؟

خۆ ئەگەر بێت و لەناو منداڵان و لە یاریی منداڵاندا ورد ورد ئەم شتانە بگێڕنەوە، ئەوا کەشکمان لێ دەکەنەوە دۆ! با هەر بڵێین منداڵن، نافامن، نازانن، بەڵام (قسە کەوتە زارێ کەوتە شارێ) ! من هەرچیم هەبوو لەسەرم دانا و ئاڵتوونی قەد خێزانەکەشم بۆ فرۆشتووە و لەسەر هەمووشیانەوە بەشێکم بۆ قەرزیش کردووە! خۆ ئەگەر ئێمە بگەڕێننەوە ئەوێ کێ قەرزمان دەداتێ؟ بەم تەمەنە کاریشم پێ ناکرێ و ئەم کۆشە منداڵەم پێ بە خێو ناکرێ، ئەم ژیانە غوربەتیەی ئێمە تێی کەوتووین شەو و ڕۆژ وەك سامۆتکەیەکە لەبەر چاوم.

ئارون: بابە! هیچ خەمت نەبێ شتی وامان لە دەم نایەتە دەر.

ئەزین: بابەگیان! من هیچ ناڵێم.

نینا: هەمووومان بە قسەی تۆ دەکەین.

نیشاو: بابە! ڕاستە دەڵێن درۆ هەندێك جار لە بەرژەوەندیی مرۆڤدایە؟

مرۆڤی لەسەر دەکوژرێت، ئەو قسەیە درۆیە کە شەڕوشۆڕی لەسەر دروست دەبێت و خەڵکی تیا بەدبەخت و چارەڕەش دەبێت، ئەو قسەیە درۆیە کە داگیرکردنی وڵاتێك و چەوساندنەوەی خەڵکەکەی لەلایەن داگیرکەرێکەوە قبوڵ دەکات و بەڕاستی دەزانێت. بەڵام چی بکەین ئەم دونیایە هەندە پڕ لە کۆسپ و هەوراز و نشێوە مرۆڤ بە جۆرەها دەردی کوشندە گرفتار دەکات، هەندێك دەوڵەمەند و هەندێك هەژار دەکات، هەندێك ئاسوودە و هەندێك بەدبەخت دەکات، هەندێك دەسەڵاتدار و هەندێك بێدەسەڵات دەکات، ئەوا دەبینن ئەم گەلە ستەمدیدەی ئێمەش هەژار و لێقەوماو وماڵوێران، داگیرکراوی چەند نەتەوەی تر و چەوساوەی ژێر دەستی ئەوان تەنانەت دراوسێیەکی وای نیە وەك، نەتەوە و خەڵکێك مامەڵەی لەگەڵ بکات، ئیتر وا پەڕاگەندەی وڵاتان

بووینه و بۆ ئەوەی بژیین ئەم شتانەمان پێ دەکەن و سەرەڕای ئەوەش گەر بزانن لە کوێوە هاتووین دەماننێرنەوە ئەو وڵاتە داگیرکەرانە. خۆشیان زۆر باش دەزانن کە ژیان و چارەنوسی ئێمە چۆنە بە دەستی ئەو خوێنڕێژانە کەچی هەر دەرمان دەکەن.

ئەزین: بابەگیان! ئەگەر گوتمان لە ئەوێوە نەهاتووین نابێتە درۆ؟

نیشاو: نەخێر کاکە ئەزین! نابێتە درۆ.

ئەزین: بەچی دەزانی؟

نیشاو: ئەگەر وا بێ خۆشیان درۆ دەکەن.

ئەزین: چۆنچۆنی؟

نیشاو: ئەدی بۆچی ئەوێ ڕۆژێ لە کەنالی تەلەڤیزیۆنی ئەم وڵاتە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ناودارترین و خۆشەویسترین کەس لای ئەم کۆمەڵگایە و، بەرزترین نووسەری منداڵان (ئەسترید ليندگرێن) کرد و لێیان پرسی: تۆ ئامادەی بۆ ڕزگارکردنی منداڵێك لەژێر کوشتن و بڕین و نەمان، درۆ بکەیت؟ زۆر بە شانازیەوە وتی بەڵێ!؟

مام برایم: نینا! کچە ژیرو بچکۆلانەکەم تۆ دەڵێی چی؟

نینا تۆزێك ڕاما و، پاشان بە دەنگێکی پڕ لە سۆزو ناسکەوە گوتی: بەخوڵای هەموو درۆیەك درۆ نیە!

# مام هەژار

مام هەژار بەو پیری و کەنەفتەییەوە چەند ساڵێك بوو وەك زۆر لە خەڵکی کوردستان و نەتەوە بەدبەختەکانی تری سەر ڕووی ئەم زەمینە، خۆی و شوکریەی هاوسەری و هیوا و ئەحمەدی کوڕی و شەهلای کچی کەوتبوونە ئەم وڵاتی غەریبیە.
وەك خۆی دەیگوت:
- ژیان لێرە بە گشتی و بەتایبەت بۆ ئەو، هەر ڕۆژێکی بە مانگێك و مانگێکی بە ساڵێك هەیە، ڕۆژ تا ئێوارە و زۆربەی شەوان تا بەری بەیان ڕێگای دووری لەم ژوور بۆ ئەو ژوورەیە، ئەوەی لەبەر چاوەکانیەتی کاغەزی سەر دیوارەکانە کە نیگای لێوە بکات و یەك لە دوای یەك ڕۆژەکان بژمێرێ.
مام هەژار پێی وا بوو لەو تەمەنەی کە ئەوی تیا کەوتووە، تازە وەختی ئەوەی پێوە نەماوە خەریکی شێوە زمانی ئەم ئەوروپاییانە بێت وەك خۆی دەڵێ:
- ئەمن نازانم کە ئەو کارمەندانە جاروبارە دێنە ماڵمان و قسەمان بۆ دەکەن، بۆچی دەڵێی دەرمان مێشم خواردووە و گێژ دەبم و خەوە کوتکێ دەمباتەوە.
ئیتر سەیرکردنی کەناڵەکانی تەلەڤیزیۆنیش هەر هەمان شت بوو لای ئەو، بەڵام ئەمیان سووکە جیاوازیەکی هەبوو چونکە هەرنەبێ دەنگوباسەکەی بە وێنە ئەبینی و هەندێك لە خەڵکەکەی ئەناسیەوە.
ئەو دەیگوت:
هەرکە سەددام دەبینم کاتی دەنگوباسەکان، دەزانم دیسان

قەوماندوویەتی، بە خوای وا پێ دەچێ ئەمانەش زۆر لێی بترسن!
ئەو وەختانەش کە دەیبینم هەر هاوار دەکەمە بەر ئەو خودایە کە دیسان بە گژ کوردەکەی خۆماندا نەهاتبێ و، زوڵم و زۆری لێیان نەکردبێ!
ئەو جارەیان کە چەند کەسێکی لا میوان بوون، ئەویش خەریکی گێڕانەوەی ئەو باسە بوو، کۆچەری هاوەڵی لێی پرسی:
- باشە مام هەژار! تۆ بۆچی هەر دوعا دەکەیت سەددام بەگژ کورددا نەیەت، خۆ ئەو کابرایەکی دیکتاتۆرە و شەڕ بە دراوسێکانی دیکەشی دەفرۆشێ؟
مام هەژار: کوڕەکانم! خوا ڕەحم بە هەموو ئۆمەتی محەمەد بکات، بەڵام بەخوای کەس وەك کوردەکەی خۆمان بێکەس نیە، داخەکەی گرانم سەرەڕای بێکەسی، خۆمانیش تێك بەربووینەتە ناو یەکتری بەقسەی ئەم و ئەو، دەڵێی مڵکی باوکی یەکتریمان زەفت کردیە.
- کۆچەر: باشە مام هەژار بە قسەی ئەم و ئەو مەبەستت چیە؟
- کوڕم ! بەردێکی لەسەر دانێ، ئەم هەویرە ئاوی زۆر دەوێ... هیچ. خەڵك ئەگەر شەڕیشی پێ بفرۆشن بایی خۆی پشت و پشتیوانی هەیە کە بە دزی و بە ئاشکرا کۆمەکی دەکەن لە کاتی لێقەومانا، بەڵام پێم ناڵێی کورد کێی هەیە؟ مەگەر بۆ مەرامی خۆیان دەستێکمان بۆ درێژ بکەن. چۆن بۆی نەپاڕێمەوە؟ ئەگەر سەددام شەڕ بە ئێران بفرۆشێ، ئەوا ئێران پێویستی بە من نیە بۆی بپاڕێمەوە و، خۆ ناشچم بۆ ئەمریکا بپاڕێمەوە، ئەویش لەوان کەسدارترە.
دیار بوو مام هەژار زۆریشی لەگەڵ منداڵەکانی ئەحمەدی کوڕی هەوڵدەدا کە سەدای مۆسیقا و گۆرانیە بیانیەکان هەندێك کەم بکەنەوە و، جارجارە ڕێگا بەویش بدەن حەیرانێك، لاوکێك گوێ بداتێ، کە باسی حەیران و لاوکیشی دەکرد، سۆزی لاویەتی و غەریبیی هەڵدەستا و ئاخێکی تەماوی

لە ناخی دڵیەوە و پڕ بە پڕی سیەکانی هەڵدەکێش و دەیگوت:
ئای دنیای بێوەفا (پیریو سەد عەیب)، خۆزیا مردن هەبووایە بەڵام پیری نەبووایە.
ئەوکاتە سەیرێکی لە میوانەکانیش کرد و پێی وتن:
- کوڕەکانم! ئێوە هێشتان گەنجن و زۆرتان هەوراز و نشێو نەدیووە، تاکو پیری نەبینن نازانن دەردی چەند گرانە.
سالاری کوڕی ئەحمەد کە تاوێك بوو لە دەرەوە گەڕابووە ماڵەوە و لە تەنیشت میوانەکان دانیشتبوو و، تەماشای ئەملا و ئەولای بیتاقەکەی دەستی دەکرد، وا دیاربوو لە کات و ساتی کارکردنی شوێنی بیتاقەکە دەگەڕا، هاتە دەنگ و وتی:
- بەڵام باپیرە! تۆ کە حەیران پێدەکەی بۆچی دەگری؟ نازانم خەڵك چۆن بۆ گۆرانی دەگری! من ئەو حەیرانانە هەر فڕی لێ تێناگەم!
مام هەژار: بەرخی بەرخم! نازانم زێدە لە هەموو منداڵەکان، بۆچی هەرتۆ ئەم مەحکەمانە لەگەڵ من دەکەی؟
بزانە کەسیان وەك تۆم لەگەڵ دەکەن؟ ئێ هەر کەسە و بە پێی تەمەنی خۆی. باشە تۆ دەزانی: (چەم بێ چەقەڵ نابێ) یانی چی؟
سالار: نەخێر!
- ئەدی دەزانی: (هەموو تەیرێك بە ڕەو خۆی) یانی چی؟
- نەخێر!
جا باشە! تۆ کە لە هیچ تێ نەگەی، چۆن لە لاوك و حەیرانی من دەگەی؟ دەباشە، ئەو وەرەقۆکەیەی بە دەستتەوەیە توخوا بمدەرێ!
مام هەژار وەرەقۆکەکەی لێ وەرگرت و دای بە کۆچەر و گوتی:
- دەی توخوا ئەفەندی بۆم بخوێنەرەوە بزانم ئەمە چیە؟
کۆچەریش لێی وەرگرت و تەماشایەکی کرد، وتی:

ئەوە بیتاقەیە، خەڵك دەیکڕن و دەچن تەماشای.... پێ دەکەن.
مام هەژار وەرەقۆکەکەی وەرگرتەوە، هەندێك ئەمدیوو ئەودیوی پێ کرد، سەرێکی لێ بادا و هەڵسا هێنای بۆ سالار و پێی گوت:
هانێ کوڕم! بیتاقەکەت بگرە و بڕۆ، کەسمان ڕێت لێ ناگرین، بەڵام تۆش بزانە: لاوك و حەیران بۆ ئێمەمانان.

# سێ جیهان

چەند جارێك لە ژیانمدا بە شەمەندەفەر بە نێوانی شاراندا هات و چۆم کردووە.. بە بیرم دێ لە دێیەکەی کە لێی پەیدابووم و تیایا گەورەبووم و فێری ژیان بووم، ئەو ساڵانە قوتابی بووم، بەر داهاتنی هاوین کە وەختی تاقیکردنەوەی سەری ساڵ دەهات هەندێك جار لەگەڵ قوتابیەکانی هاوڕێم سواری شەمەندەفەر دەبووین، بەو شەمەندەفەرەی لە ڕێگای نێوان شاراندا هات و چۆی دەکرد و، بە تەنیشتی دێیەکەی ئێمەشدا تێدەپەڕی و زۆر شاری تریشی دەبڕی، هەموو جارێك بەرانبەر دێیەکەی ئێمە و لای ئەو پۆلیسانەی کە بۆ پارێزگاریکردن لەو پردەی کە لە نێوان ئێمە و دێیەکەی بەرانبەرمان دروست کرابوو بۆ ماوەیەکی کورت ڕادەوەستا و هەندێك نان و ئاوی پێ دەدان.. شەمەندەفەرەکە هێندە کۆن بوو کە هێشتا بە درێژایی نێوان مەودای دوو دێی دەما دەنگی لە پێش خۆیەوە پەیدا دەبوو، شڵپە شڵپی لە دەنگی تەنەکە ڕزیوێك دەچوو کە لە ژوور سەرت بە توندی لێی بدرێ، هەڵبەتە ئێمەش لەبەر هەرزانی سوار دەبووین.

ئێستا چەند ساڵ ڕابووردووە سواری شەمەندەفەر نەبوومە، بۆ یەکەمین جار سواری شەمەندەفەرێکی مۆدێل بووم، جێگاکەم کەوتبووە تەنیشتی ئافرەتێکەوە، ئەو کاتە لە ئاو و هەوایەکی نیمچە سارددا بووین و هەموو جلوبەرگی نیمچە زستانیمان پۆشیبوو، پێم سەیر بوو ئەو هەموو خەڵکەی تێدایە.. بۆ خۆم کەوتمە بیرکردنەوە و پرسیار: ئایا دەبێ لێرە خەڵك تەنها بە شەمەندەفەر سەفەری نێوان شاران بکەن؟ ئەدی ئەو هەموو هۆیانەی تری گواستنەوە چین؟ هەروەك وڕبووبم تەماشای ئەملا و

ئەولای خۆم و خەڵکەکەم دەکرد، ئافرەتەکەی لە تەنیشتمەوە بوو منگەیەکی لێ هات و پاشان وتی:

- لێم تێدەگەی؟ لە زمانەکەم دەگەی؟
- هەندێکی تێدەگەم، ئەگەر سەبرم لەگەڵ بدوێی!
- تۆ شەمەندەندەفەرت نەدیووە؟
- ئەوها بە قەڵەباڵغی نەخێر!
- ئەی سواری چی دەبن؟
- زیاتر پاس و بیستویەك نەفەری و ڕیم و ئەو جۆرە شتانە.

وەختی خۆی شڕە ئینگلیزیەك فێربووبووم خۆم پێ پەڕاندەوە، بۆ ئەوەی خۆم لە پرسیاری زیاتر دووربخەمەوە، چونکە زمانەکەشم بە ڕەوانی نەدەزانی، ڕوویەکم بۆ لایەکەی تر وەرگێڕا و دەمێك بەو شێوەیە ڕامگرت بۆ ئەوەی زیاترم لەگەڵ نەلێ، وام هەست کرد کە بە هیچ نەدیوم تێدەگا..

شوێنەکەم گەرم و نەرم و خۆش بوو و فەرغونەکەش لە ژوورێکی بێهەست و بێدەنگ دەچوو، کەس دەنگی لێوە نەدەهات جگە لە منداڵێکی ژیکەڵە و جوان نەبێت کە بە ڕاستی دڵارا بوو، تەنها خۆی و لە جیهانی خۆیدا یاریەکی خۆشی دەکرد بەو ئامێرە بچوك و لاستیکانەی لەوێدا بۆ منداڵان دانرابوون، ئەویش هێدی هێدی لەگەڵیان کەوتبووە قسە، ناوە ناوەش شەمەندەفەرەکە بە ئاسپایی دەیجوڵاندینەوە. ڕوویەکم سووڕاندەوە بەلای ئافرەتەکەی تەنیشتمدا بینیم ملی بەلای پەنجەرەکەدا شۆڕکردۆتەوە و سووك سووك پرخەی خەوی دێ، زۆری پێ نەچوو زۆربەی خەڵکەکە کەوتنە دونیای خەوەوە، منیش بۆ خۆم کەوتمە دونیای پڕ خەم و حەسرەتەوە. لەوێدا هەستم بە بوونی سێ جیهان کرد:

١- جیهانی منداڵان ٢- جیهانی دڵشاد و فراوان و خەوخۆشی ئەو خەڵکە ٣-

جیهانی دڵشکست و دڵخون و بێخەوی خۆم و کەسانی وەکو خۆم بوو، هەناسەیەکم بردە ژوورەوە و نیوەم دەرهێناوە و وتم:

- خۆزگەم بە هەردوو لاتان. منیش حەزم دەکرد گەر ئارەبانە شکاوێکیش بێ و یاریم پێ بکردایە، بەڵام بیرم بۆ لای هیچ کێشەیەکی سەر ئەم زەمینە نالەبارە نەچووبایە، بەڵام بە خۆزگە بوایە مەڕ بەر لەوەی گورگی لێ نزیك بێتەوە دوو باڵی دەگرت.

پشە پشەیەکم لە منداڵەکە کرد و هەوڵدا بیدوێنم، کەچی هیچم لێ حاڵی نەبوو، وای بۆ چووم خەڵکی سوچێکی تری ئەم جیهانە بێ، جگەرەیەکم دەرهێنا و خستمە نێوان لێوەکامەوە ویستم دایگیرسێنم، ئەوکات منداڵەکە دەستی ناڵلێکەی گرتبوو و یاریی لەگەڵ دەکرد و لەگەڵیدا پێدەکەنی، لەو ساتەش تۆزێك دەنگی بەرز بووەوە، منیش نیگایەکی وردترم لێ کردن بینیم لە ژوور سەریانەوە لە بەرزیدا وێنەی جگەرەیەك کراوە و دوو هێڵی سووری ڕاست و چەپی بە ناوەڕاستدا هاتووە، بۆ ئەوەی ئافرەتەکەی تەنیشتم خەبەری نەبێتەوە و بمداتەوە بەر ڕێژنەی پرسیاران، خێرا خێرا جگەرەکەم خستەوە ناو پاکەتەکە و لە گیرفانم نایەوە.

زنجیرەی بیرەکانم زۆر دوورودرێژ بوو و پەلی بۆ هەموو لایەك هاوێشتبوو، لە ڕاستیدا زۆرم حەز دەکرد خەڵکەکە لە خەو ڕابن و دەنگەدەنگێك دروست بێتەوە چونکە زۆر هەستم بە تەنیایی دەکرد.. هەتاوێکی کەم بە دەرەوەبوو هێواش هێواش زیادی دەکرد، پاش تۆزێك مایکرۆفۆنی ناو شەمەندەفەرەکە قوقەیەکی لێوەهات و کابرایەك یەك دوو وشەی چرپاند، زۆربەی خەڵکەکە بەخەبەر هاتن و کاتێك شەمەندەفەرەکە هەڵوەستەیەکی کرد لە ئیزتگایەکە، هەندێك لە نەفەرەکان هاتنە خوارەوە و لە وەختێکی کورتدا بەڕێ کەوتەوە. جارجارە ئاوڕێکم دەدایەوە ئافرەتەکەی دراوسێم هەر لە گەرمەی خەودا بوو و جاروباریش هەندێك

خۆی دەکێشایەوە. زۆری نەبرد گەرما تینی بۆ هێنا، ناچار هەڵسا و هەندێك لە جلەکانی بەری سووك کرد و جانتا دەستیەکەی کردەوە پێڵاوێکی هاوینەی دەرهێنا، زستانیەکەی لە پێ کردەوە و ئەویانی لە پێ کرد و بە ڕاشکاوی پاڵی دایەوە.

ئەو ڕۆژە ئاووهەوا زۆر جێگای سەرسوڕمان بوو لە ماوەیەکی کورتدا زستان و هاوین و پایزت بە چاوی خۆت دەبینی.. هەندەی پێ نەچوو هەوا گۆڕا و پایزێکی تووشی پێ نیشانداین، پلەی گەرما بە خێرایی هاتە خوارەوە، ئاگام لێ بوو ژنەی جیرانم لەو ئاووهەوایە زۆر گرژ بووبوو، بۆڵەبۆڵێکی کرد و دەستێکی درێژ کرد جانتا دەستیەکەی هێناوە و ئەمجارەیان یەك دوو پارچە جلی سەرەوە و جوتێك پێڵاوی تری لێ دەرهێناوە و دەستی کرد بە پۆشینیان، ڕوویشی بۆ لای من وەرگێڕا بینی من هەر لەو جلوبەرگە یەکەمجارەی خۆم دام کە تازە سوار شەمەندەفەرەکە بووبووم پرسی:

- تۆ جلی هاوینە و پایزە و زستانەت پێ نیە؟

- نەخێر، هەر ئەمانەم پێیە لە بەرمایە لەگەڵ دەستە جلێکی شەوانە.

- باشە سەرما و گەرمات نابێ؟

- چۆن؟

- ئەدی گەنجێکی وەکوو تۆ ناتوانی باروبارگەیەکی بچوك بۆ خۆت هەڵبگری و کاتی پێویست بەکاریان بهێنی؟

- با زۆرم هەڵگرتووە لە مێشکم، جێگای چیی تری لێ نابێتەوە.

زۆر هەوڵم دەدا خۆم لە پرسیاران لادەم، بۆیە گوتم: ئاخر من یەکەم جار بیر لە کونجەیەك دەکەمەوە لەم دونیایە لێی بژیم.

# سەرنجێك

**خوێنەری بەڕێز:**

ئەم چەند دانە نەزیلەیەی لێرە بەدواوە دەیخوێنیتەوە چەند دڵۆپێکن لە زەریای باسی فۆلکلۆری کوردی، کە لە ناو کۆمەڵگای کوردەواریەوە هەڵقوڵاوە و نەتەوە بە پێی ڕۆژگار و درێژایی مێژووی ڕابووردووی بەدی هێناوە و، دیارە هەر خۆیشی خودانی ڕاستەقینەیان بووە و دەبێت.

بێشك مێژووی کۆمەڵگای کوردەواری پڕە لە بابەتی فۆلکلۆری وەکوو: چیرۆك، مەتەڵ، حیکایەت، نوکتە، ئەفسانە، لاواندنەوە، داستان، پەندی پێشینیان و قسەی نەستەق، نەزیلە و بەسەرهات، لاوکوحەیران و گۆرانی، کە چەندەها مۆچیاری مێژوویی و بەنرخیان لێ دەکەوێتەوە. لەمێژ ساڵە سەرەڕای هاتنەسەر کاغەزی زۆرین بابەتی بەبەهای لەو جۆرە کە لەناو هەستی جەماوەردا سەرچاوەی گرتووە و دروست بووە، هەزارانی تریش هەر لە دڵ و دەروونی خەڵکەوە ماوەتەوە و لای ئەم و ئەوی کردووە، لە ئاکامی ئەمەشدا دەکرێ بوترێ کە بەشێکی هەرە گەورەی لە ناو سینگ و دڵی بەساڵاچووەکاندا و لەگەڵ تەرمی پاکی ئەوان بەخاك سپێردراون.

هەڵبەتە شتێکی بەرچاویشە کە هەریەك لەوانە ڕەنگ و بۆ و تام و چێژی خۆی دەبێ، جا هیوادارم ئەم چەند دڵۆپە کە نموونە و زایەڵەی ئەو زەریایەن تامێکی ئەوان ببەخشن.

# خاتمه

مامە عەلە و خاتووزین هەر لە هەفتەی یەکەمی بەیەک گەیشتنیانەوە و بوونیان بە ژنومێرد زۆر جاران ئاڵۆزی و دووبەرەکی دەکەوتە نێوانیانەوە و شەڕ و فرتەنە دەستی پێ دەکرد، مامە عەلە کردبوویە پیشە هەموو جارێك شەقازلەیەکی بە بناگوێی خاتووزیندا دەکێشا، هەندێك جاران دەگەیشتە ئەوەی دەر و جیرانەکانیش پێیان دەزانی.

خاتووزین ژنێکی خواپەرست بوو، سەری بچووبایە نوێژی نەدەچوو، ئەگەر جارێك نوێژێکی لەبەر هەر هۆیەك بووبێ لە دەست بچووایە ئەوا لە تۆڵەی ئەوە دووانی تری بۆ دەکردەوە. زۆر حەزی بە سوالفەی بەر دەرگا و برێشکە قرتاندن دەکرد لەگەڵ ژنانی گەڕەك، بۆ تازیە و سەرەخۆشی و لاواندنەوە سەری پێوە نەبوو، ئەوەی زیاتر ئەو بڕوای پێ بوو و، مامە عەلەش پێی پەست و نیگەران دەبوو ئەوە بوو کە خاتووزین هێلکە و قاپە ماستو دراوی خڕ دەکردەوە و دەیبرد لە دەستی شێخ و دەروێشەکانی ئەو ناوچەیەی دەکرد و دەهاتەوە، خۆ ئەگەر هەواڵی هاتنی شێخێك بۆ ئەو ناوچەیە ببوایە خێرا خێرا خۆی دەگەیاندێ و داوای نزای لێدەکرد و بەخۆیی و بە نوشتەیەکەوە دەگەڕایەوە.

مامە عەلە بە پێچەوانەی خاتووزیین و ڕەوشتەکانی ئەو بوو، جارجارە نوێژی دەکرد بەڵام هەرگیز نوێژی بەیانیانی لەبەر خۆشی خەو لەگەڵدا نەبوو، بڕوای بە شێخ و دەروێشەکانی ئەو دەورووپشتە نەبوو، دەیگوت: ئەوانە هەر پارە و پووڵ بەو نوشتانە کۆ دەکەنەوە، خۆ ئەگەر وا نەبێ چۆن دەبێ نوشتە بە پارە بکرێ؟ ئەو وای بۆ دەچوو پیاو دەبێ دەست و داوێن پاك و ڕووخۆش بێ لەگەڵ خەڵکی، چاوی لە مڵك و ماڵی کەس

نەبێ، مرۆڤ لە ژیان نەکا، درۆ و کاری سەختە نەکا، ئیتر پێویست بە نوشتەی دەروێشەکان ناکات. لەسەر ئەمەیان هەمیشە لەگەڵ خاتووزین مشت و مڕیان بوو. خاتووزین دەیگوت:

- کورە پیاوەکە! هەر تەماشای ئەمڕۆکە مەکە! هەر بۆ ئەم دنیایە مەژی، بەشەر دنیایەکی تریشی لە پێشە. بەسیە! بەس ببە دوژمنی ئەو شێخ و مشایخانە، ئەوان پاکن و لای خودا خۆشەویستن! با بەرایەکت بەسەر نەیەنن و بەم ئاخری عومرە لێك دانەبڕێین، وەرە ڕوو بکەرەوە قاپیی خوا نوێژەکانت بکە و ڕۆژوەکانت بگرە، خۆ تا ئێستا تۆ بی ساڵێك ڕۆژوەکانت نەگرتووە و هەمووت خواردووە! ئێ باشە تۆ یازدە مانگ دەخۆی با یەك مانگی لەگەڵ نەبێ؟ باشە پێم ناڵێی دەروێش و مشایخ چ خراپەیان بۆ تۆ بووە؟

مامە عەلە ئەم قسانەی بە گوێدا نەدەچوو، خۆی پێ لە خاتووزین بە کەمزانتر نەدەزانی، نەك هەر ئەو قسانەی لێ وەرنەدەگرت بەڵکو هەوڵی دەدا خاتووزین بێنێتە سەر ڕێی خۆیی و دەیگوت:

- کچێ خاتە! بەسە با چیی ترت پێ نەڵێمەوە، تۆ نوێژ و ڕۆژیی خۆت بکە و بگرە، چیت داوە لەو هەموو مریدی قادریە بە پرچانە؟ ئەوان بەهەشت نابەخشن بەتۆ، کردەوەی خۆت لە دنیا گرنگە. پێم ناڵێی ئەوان بۆ ناچن کاسبیەکی تر بکەن، توخوا کاسبی لەو حاڵەیان باشتر نیە؟

- ئەیەڕۆ پیاوەکە! کاسبیی چی؟ چما دەروێشی کاسبیە؟ کورە چلۆن زاتی ئەوە دەکەی خۆ ئەوان خوانەخواستە فێڵباز نین؟

- ئەرێ وەڵا هەون.

- کورە بەسیە! خۆفێك لەو خوایە بکە.

- کچێ من لە خوا دەترسم! خۆشەویستم خۆش دەوێ! حورمەتی هەموو مرۆڤێکی دەست و داوێن پاك لەسەر سەرم دادەنێم و، سوپاس بۆ ئەو

خوایە زینام تووش نەبووە، کەسم نەکوشتووە ، ماڵی کەسم نەبڕیوە، تا بۆم کرابێ درۆم نەکردووە! ئێ خۆتیش دەزانی بۆ یارمەتیی خەڵکی و پەککەوتە و گەدایان قسوورم نەکردووە، ئەگەر وا نیە بڵێ وا نیە! بەڵام خۆ ناشبێ وەك تۆ بکەم بۆ هێنانی دوعایەك ڕۆژێکت پێ دەچێ، دەڵێی تەتەری لەم دەروێش بۆ ئەو دەروێش! کەسیان نەماوە شتێکت دەرخوارد نەدابێ! هەر هێلکە لە قونی مریشکەکان دێتە دەرێ گورج لە پرێسکە دەیپێچیتەوە و کەس نازانێ لە قورگی کام دەروێشی دەپەستی!

ئەو ڕۆژەی خاتووزین زۆر بە غەمباری لەماڵەوە دانیشتبوو، هەر تێی دەڕوانی و بیری دەکردەوە ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو کێشەیەی لە نێوان خۆی و پیاوەکەیدا هەیە بە جۆرێك بکات، هەرچەند سەری هێنا و برد چارێکی ئەوتۆ نەبوو. لەگەڵ خۆی کەوتە قسە: بچم بۆ لای فلانەکە دەروێش بەڵکو دوعایەکم بۆ دەکا و ئەم پیاوە دڵی نەرم دەبێ واز لەم شەقازلە شەقازلەیە دێنێ! ناوەڵا دەروێشە پیرەکەی شێخ وەسمان باشە، دەڵێن وەختی خۆی زەرگی باشی وەشاندووە! کچێ ناوەڵا فایدەی نیە. ئێ باشە خۆ ناشبێ بە لای هەر دەروێشێکەوە بڕۆم و شەقازلەیەك بخۆم؟ دە وەڵا ئەوانە پاکن هەر تەگبیر و ڕایان پێ دەکەم.

سەر لە عەسرانێك بۆ پشوودان خاتووزین لە ماڵ هاتەدەر و سەرێکی بەر دەرکەی ماڵەکەیانی دا و، بینی دادە هەیبەتی دراوسێیان لەوێ دانیشتووە و هەندێك گوڵە بەڕۆژەی لە تەنیشت خۆی داناوە، چونکە ددانەکانی زۆر لە مێژ بوو ماڵئاواییان لێ کردبوو، بە نینۆکی پەنجەکانی دەستی، دانە دانەی گوڵە بەڕۆژەکانی دووکەرت دەکرد و ناوکەکەی بە ساغی ئاودیو دەکرد. پاش چاکوچۆنی لەگەڵ دادە هەیبەت کەوتنە قسە. دادە هەیبەت وتی:

- خاتوو! ئەوە بۆ کەس دیار نیە؟ چۆنن دایکەکەم؟

- تۆ چۆنی دادە هەیبەت؟ بەخوای من هیچ باش نیم!

- هەیڕۆ چی بووە؟ بۆمی بگێڕەوە.
خاتووزین کە بەسەرهاتی خۆی و مامە عەلەی بە وردی بۆ گێڕایەوە لەگەڵ گلەییکردن لە بەختی خۆی و وتی:
هەرچەندەکەم چارەیەکم بۆ نادۆزرێتەوە لەو شەقازلەیە ڕزگارم نابێ، بوومەتە قاقەز قووشی بە دەست ئەم کابرایەوە و گوێ بە هیچ نادا، ئەوەتا فوویەکم لێ بکەی دەکەومە حەوا.
دادەهەیبەت کە ئەمەی بیست، منگەیەکی کرد و وتی:
- دەك زەلیل بم! بەخوای حەمە ڕەحمەتی من ئەوها نەبوو! من چیم بوتایە لە قسەم دەرنەدەچوو، دە وەرە کچی خۆم تۆش بەقسەم بکە و با ئەو کابرایەش چاك بێ؟ ڕەنگ‌وڕووت نەماوە دەڵێی نان و ئاویشی لێ حەرام کردووی.
- خۆزگە هەر نان و ئاو بووایە، دەی توخوا دادە هەیبەت! بڵێی بمرە دەمرم، بۆ کوێ بڵێی لەگەڵت دێم.
- کیژۆڕەم! بڕۆ شەش حەوت هێلکە و مەنجەڵە ماستێکی باش و، ئەو هەموو مریشکە چیە لە حەوشە دەنگیان دێ؟ یەك لەوانیش بهێنە و دەچینە خزمەتی مریدێکی پیاوچاك من پێ دەزانم! دەی بڕۆ خێراکە!
- بەو خوایە دادە هەیبەت مریشك بێنم بۆ دەروێش پیاوەکەم سەرم دەبڕێ! ئەو بۆ هێلکەیەك شەقازلەیەکم پێدا دەکێشێ!؟
- کچەکەم مەترسە! من لەگەڵتم! ئەدی بۆچی دەچینە لای دەروێش...؟ هەڵبەتە بۆ ئەوەی نوشتەیەکمان بداتێ و پیاوەکەت دەستی لە ڕاستت هەڵنەیێ؟ ئەوە چیە دەڵێی باوەڕت زەعیف بووە؟ مریدەکە خزمی خۆمانە دەی زووکە بڕۆ.
- نا بەخوای دادە هەیبەت! تۆبە، من قەد باوەڕم بەو زاتانە کەم نابێ.
- دەبڕۆ کچەکەم خێراکە! شتەکان بپێچەوە بابڕۆین تاکو نەهاتێتەوە،

دوایە ڕێمان پێ دەگرێ.
بە دووقۆڵی دادە هەیبەت و خاتووزین چوون بۆ لای دەروێشەکەی خزمی دادەهەیبەت و لەوێ بابەتی شەقازلەیان بە دووقۆڵی بۆ گێڕایەوە. دەروێش کە بینیی میوانەکان بە دەستی بەتاڵ نەهاتوونە و ئەمجارە چەورن، سەرێکی خستە ژێر عەباکەیەوە و گوتی:
- لەبەر خاتری تۆ هەیبەت! نوشتەیەکی بۆ دەکەم تا ئێستا بۆ کەسم نەکردبێ! دەبێ ئەو نوشتەیە وا کار بکات کە لە جێی هەر شەقازلەیەکی لەمەوپێش لەو زەعیفەیەی داوە، ماچێکی ئەو جێگایە بکات، ئەگەر کاریشی نەکرد وەرنەوە لام.
- دادەهەیبەت: دەك بە قوربانی دەست و قەرەمت بم! هەستە خاتووزین دەستە متفەڕکەکانی ماچ بکە.
- خاتووزین: قوربان! نوشتەکە چی لێ بکەم؟ دەڵێم چۆن بەکاری بێنم؟
- دەروێش: کە چوویتەوە ئافرەتەکانی برادەرت نەسیحەت بکە و بڵێ دەروێشەکەی شێخ سینان باش دەزانێ، ئەگینا خێری نابێ! لەبەر دەرگای ماڵی خۆتانیش پێش ئەوەی بچیتە ژوورەوە هەر وابڵێ، نوشتەکەش بخەرە ناو سەرینی پیاوەکەتەوە بەڵام ئەو نەیبینێ.
خاتووزین و دادە هەیبەت پاش دەست ماچکردن و خوداحافیزی بە خۆیان و نوشتەوە بەرەو ماڵ گەڕانەوە، لە ڕێگا تووشی هەر ئافرەتێك دەبوون خاتووزین بۆ ئەوەی نوشتەکەی لەکار نەکەوێ تا دەگاتەوە ماڵ پێی دەگوت: دەروێشەکەی شێخ سینان باش دەزانێ.
لەو لاوە مامە عەلە لە سەر زاری ژنانەوەی بیستبوو ئەم تەگبیروڕایەی بۆ کرایە ، گوایا خاتە بەگەڵ دادە هەیبەت کەوتووە و خۆیان گەیاندۆتە ماڵی دەروێشێکی تر، ئەویش بەو مەرجەی لە ڕێگا تووشی هەر ژنێك بێن پێی بڵێن دەروێشەکەی شێخ سینان باش دەزانێ نوشتەیەکیان بۆ

دەكات.
لەولاشەوە كە هاتەوە ماڵ و بینیی مریشكێكیش نەماوە، لە دڵی خۆیدا وتی: هەبێ و نەبێ دەرویش ئەویشی قوت داوە! خوا ئەزانێ دیسان چەندی هێلكەو پارە و ماست بردووە! ئەمە ببێ و نەبێ ئیشی هەیبەتە پێی كردووە، دەنا خاتە زاتی ئەوە ناكات مریشك ببا، ئەمەشیان تازەیە! ئیشم باش دەبێ، بە خوای كارێك نەكەم مریشكەكانیش فت.
مامە عەلە لە بەردەرگای ماڵەكەیان ڕاوەستابوو، منداڵێكی گەڕەكی بانگ كرد و لە دوای خاتووزینی نارد، دادە هەیبەتیشی بانگ كرد و، هەندێك لە ژنانی جیرانیش لەوێ كۆ بوونەوە.
خاتووزین بە پەلە نوشتەكەی لەناو سەرینەكەی مامەعەلە نا و، هاتە دەرەوە لە دڵی خۆیدا وتی: هەبێ و نەبێ نووری بەزەیی پیاوچاكان ئەمجارە بەسەر منیشدا باریوە و نوشتەكە كاری خۆی كردووە! دیارە وەك دەرویش فەرمووی! ئەوە پیاوەكەمە و دەیەوێ لە پێش خەڵكەكە داوای لێبوردنم لێ بكات و، لە بری شەقازلەكان یەك یەك ماچم دەكاتەوە. دەك بە سەدەقەت بم دەرویش! دیارە زاتێكی پاكی! ئافەرین دادە هەیبەتی دنیادیتە! تۆ چۆن ئەو فكرەت بۆ هات و بەو پیریە بەگەر من كەوتی؟
مامە عەلە كە لەوێدا وەستابوو، خاتووزینی بانگهێشی لای خۆی كرد، خاتووزینیش بە بێباكی و بە دڵخۆشیەوە بەرە و ڕووی هات. بێ سێ و دوو مامە عەلە ئەمجارە هات بە لایەوە و لە جیاتی یەك دوو شەقازلەی لێدا.
ژنان بە دادە هەیبەتەوە هاتن و هاواریان كرد كورە بۆ؟ كورە بۆچی؟
مامە عەلەش هیچ خۆی شێلو نەكرد و لەسەرەخۆ وتی:
دەرویشەكەی شێخ سینان باش دەزانێ!

خاتووزینیش که گوێی لەمە بوو، بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:
وەڵلا باوکم، دەروێشەکەی شێخ سینان باش دەزانێ.

# مام سلێمان وئەسپە کوێت

مام سلێمانە سوور ئەسپە کوێتی بەقەدەر هەموو شتێکی خۆشەویست خۆشدەویست و بگرە لەلای خۆشەویستتریش بوو، ئەو هەرچی سۆز و عیشقی هەبوو هەمووی بە ئەسپە کوێت دابوو. ئەوەندەی خزمەت دەکرد کە ئەگەر بۆ گایە لەڕەکەی بکردایە سەرەڕای زەوی کێڵان ڕوژانە سەتڵێك شیریشی پێ دەدا.

ئەسپە کوێت ئەوەندە غروور بووبوو لەبەر قەڵەوی لاقەکانی لەدوای نەدەهات، کلکی لەسەر پشتی دانابوو لوس وەکوو ماسی، کوێتە بەتەمەن پیر بوو بەڵام ئەو خزمەتگوزاریەی لە مام سلێمانەوە پێشکەشی دەکرا وای لێ کردبوو وەکوو جوانیەك دەهاتە پێش چاو، ئەوەندەش بەناز بوو کەسێکی لایدە بۆی بچوایە دەیپڕماند و دوور دەکەوتەوە خۆی تێ نەدەگەیاند چونکە تەنیا لە مام سلێمان حاڵی دەبوو. مام سلێمان وای فێرکردبوو هەرکە دەیگوت: وەرە کاو ئالیکم بۆت داناوە، ئەسپە کوێت یەکسەر بەرەو ئاخوڕەکەی ڕای دەکرد و هەرچیی تیا بوایە دەیگرماند و قووتی دەدا. کە دەستی بەسەردا دەهێنا ئەسپە کوێتەش لەبەریا سووکە سەمایەکی دەکرد و ناز و فیزێکی دەنواند.

هەموو جارێك لە پاڵ دیوەخانە ڕووخاوەکەی عەباساغا کە جێی کۆبوونەوەی خەڵکانی بێ ئیش و کاری ئاوایی بوو، لەوێ کاتی بێکارییان بە قسە و باس و بەسەرهات و ڕۆژانی ڕاو و ڕاوشکاری بەسەر دەبرد، مام

سلێمانیش دەکەوتە مەدح و سەنای ئەسپەکەی و بەقەدوباڵایدا هەڵدەدا، زۆر جاران مشت و مڕێکی زۆری لەگەڵ خەڵکەکە بۆ پەیدا دەبوو و ئەنجامەکەی مام سلێمانی تیا سەخڵەت دەبوو.
ئەو دەیگوت: وەرن خەنجەرێکم لێ بدەن بەڵام لەسەروسیما و جوانی و وەفاداریی ئەسپەکەم کەم مەکەنەوە، چونکە ئەو هێز و بازو و، گشت ماڵ و حاڵ و سەروەتی منە.
ڕۆژێکیان دەمەدەمی ئێوارە، خدرەشەل و وەستا سابیر و کاکلە ڕەش لە پاڵ کۆنە دیوەخانەکەی ئاغا بوون، وەستا سابیر و کاکلە ڕەش خەریکی یاریی سێ ڕیسکان بوون و خدریش لەسەر گازەرای پشت پاڵی دابووەوە مژی لە سیگارەکەی دەدا، وەختا بوو دڵی شەق ببا، ئەوان بە یاریەوە سەرقاڵ بوون و ماوەی ئەوەیان نەبوو تۆزێك لەگەڵ خدر بدوێن، هەرچەندە جار جارە بە چاوقایمیش بوایە خۆی تێدەخزاند و پرسیارێك شتێکی لێدەکردن، ئەوانیش بە لایەکی دەمەوە و بە نزمی وەڵامێکیان دەدایەوە و زۆریشیان پێ ناخۆش بوو، بە تایبەتی کاکلە ڕەش کە پیشەی هەر دۆڕاندن بوو و کە دەشی دۆڕاند زۆر تووڕە دەبوو، خودا خودای بوو یەکێك ببینێتەوە و بیکاتە سەبەبی دۆڕاندنەکەی، جاروبارەش لێی قیت دەبۆوە و دەیگوت:
- کورە دەبەس بڵێ! تۆ بۆ لێناگەڕێی بە ئیسراحەت یاریەکەمان بکەین؟
دەڵێی مەڕە گەرحەی بەدان کەوتووی و لە پاڵەوە پەل دەهاوێی.
- ئێ باشە کاکل! خەتای من چیە تۆ دەدۆڕێی؟
- بەقسەی کێ من دۆڕاوم؟ نابێ ڕاست بدوێی؟ بەسە چیی دی قسە نەکەی.
خدر دەی زانی کاکل لەوە زیاتر هەڵناگرێ و کاتی ئەوە هاتووە بێدەنگ بێ و لە دوورەوە تەماشایان بکات، بۆیە هەر ئەوەندەی وت:

بەخوا من حەز دەکەم تۆ بیبەیتەوە کاکل!
هەر لە خۆیەوە لەخۆی بێزار بوو ئەو ڕۆژە، ناوەناوە دڵی خۆی دەدایەوە: دەڵێن (ئەوەی لە خوا خافڵ بێ کافرە)، هەر ئەوەندەی زانی مام سلێمانە سوور لێیان پەیدا بوو:
- چەلام عەلێکوم!
- وەی عەلەیکە سەلام و بەخێر بێی مام سلێمان.
وەستا سابیر و کاکلە ڕەش یاریەکەیان وا گەرم بوو بوو نەپەرژانە سەر ئەوەی وەڵام بدەنەوە، هەرچەندە منگە منگێکیان لێهات بەڵام دیارنەبوو کە گلەیی لە بەختی خۆیان دەکەن لە یاری، یاخود سەلامەکەی مام سلێمانیان وەرگرتەوە.
خدر و مام سلێمان بوونە هاوڕێ و پێکەوە دەستیان بە قسەی خۆش کرد، مام سلێمان لەبەر ئەوەی پیر بووبوو و ددانەکانی لەمێژ بوو ناودەمیان چۆڵ کردبوو قسەی باش بۆ نەدەکرا.
پاش تۆزێك کاکل و وەستا سابیریش هاتن و بەخێرهاتنی مام سلێمانیان کرد. خدر خۆی پێ نەگیرا و پرسی:
- ئەرێ کامتان بردتانەوە؟
- کاکل: دیسان کردتە ڕۆژی خۆت و دەستت پێ کردەوە خدرە چوکور؟ ئەگەر واز لەو قسانە نەیەنیت، مەجلیسەکەت بۆ بەجێ دێڵم.
زانیی دیسانەوە کاکل دۆڕاوە، بۆیە سکوتی لێ کرد و باسەکەی گۆڕی:
- ئەرێ مام سلێمان! داخۆ ئەسپە کوێت لە چیدایە؟
- بەخوای خدر! بڵێم چی؟ ئەم زەمانە کەم دەخوا، کەم.
- وەستا سابیر: مام سلێمان! ئەویش هەر ڕوح لەبەرە دیارە پیر بووە.
- مام سلێمان: کورە پیری چی؟ ئەسپە کوێت چۆن پیر دەبێ، مخابن نیە؟ چما لەم ئاواییە ئەسپی وا هەیە؟

- کاکل: مام سلێمان! ڕاستە دەڵێن تۆ چی بڵێی ئەسپەکەت بەگوێت دەکات؟ ئەمە شتێکی سەیرە خۆ ئەسپ ئەقڵ و هۆشی نیە و تێناگات؟
- مام سلێمان: ئەرێ بەخوای کاکل! ئەو بەستەزمانە هەر بڵێم بمرە دەمرێ. تاکو من نەڵێم نە دەخوات نە دەخواتەوە.
- کاکل: چەند حەز دەکەم ئەو دیمەنە ببینم! دەڵێن کابرایەکی خەڵکی لای خۆمان بە سەفەر دەچێتە ئەو وڵاتانەی دوور (ئەوروپا)، دوایە دێتەوە شتی سەیر سەیر دەگێڕێتەوە لێیان. گوایە ئەوان پێکەوە لەگەڵ ماسی مەلە دەکەن و لە ماڵان مار و مشك ڕادەگرن و، لەگەڵیشیان دەخەون و گوجیلە سەگەکانیش لە ناو ماڵان بەخێو دەکەن تا گەورە دەبن، دەڵێن ئەوانە هەموو سوودی خۆیان هەیە بۆ مرۆڤ. خودا بکا مام سلێمان! ئەسپەکەی تۆش سوودێکی هەبێت، ئەو هەموو خزمەت کردن و چاوەدێریەت بەلاش نەچێت!
- مام سلێمان: بۆ نایەن بچین پێتان نیشان بدەم و بۆشتان بسەلمێنم؟
- هەموو پێکەوە: وەڵا سەد جار مام سلێمان!
مام سلێمان پێشکەوت و وەستا سابیر و کاکلە ڕەش بەدوایەوە و خدریش بە شەلەشەل، هەموو بە ڕێ کەوتن بۆ خزمەت ئەسپە کوێتە.
گەیشتنە بەر دەرگا مام سلێمان کلیلە زلە دارەکەی کە وەك خەنجەر لە بەر بشتێنەکەی نابوو دەرهێنا و دەرکەی قەنتەرەکەی کردەوە، بۆ لای ئاخوڕەکەی ئەسپەکوێت چوو و ئەوانیش بە دوایەوە. ئەسپە کوێت پرمە پرمێکی کرد و، وا دیاربوو داوای شتێکی دەکرد مام سلێمانیش نەیهێشت ئەوان حاڵی بن و بۆی وەرگرتەوە: گیان، گیان، ها ڕۆڵەم! ها ڕۆڵە م!
کاکل وتی: دەی تۆخوا مام سلێمان شتێکی پێ بڵێ، بزانین چۆن بە دەنگتەوە دێت؟
مام سلێمان چوو بە پەلە هەندێك کاو جۆی هێنا و بردیە لای ئاخوڕەکەی

ئەسپە کوێت ڕۆی کرد و بانگی لێ کرد: وەرە کاو ئالیکم بۆت داناوە!
ئەسپە کوێت کە چاوی پێکەوت تەکانێکی دا و، هەرچی لە ئاخوڕەکەدا بوو بە چاو قوچانێك هەڵیلووشی و حەواڵەی ناو سکی کرد.
وەستا سابیر وەکوو وەستاییەکەی و یاری سێ ڕیسکانەکەی دیاربوو لەوەش وەستا بوو، گوتی: توخوا مام سلێمان وەرە لای ئێمە و شتێکی دیکەشمان پێ نیشان بدە.
ئەسپە کوێت وا فێرکرابوو کە هەر لە دیار ئاخوڕەکەی بوەستی و بانگی بکەی بێت بە دەنگتەوە، ئەویش نیازی خۆی هەبوو. مام سلێمانیش نەیدەویست بێتە لای ئەمانەوە و هەر لە نزیکی ئاخوڕەکە دەیوت ئەگەر هێشتان بڕوا ناکەن دیسان بانگی دەکەمەوە بزانن دێت یا نە؟
بە هەر جۆرێك بوو وەستا سابیر قەناعەتی بە مام سلێمان هێنا و هات بۆ لایان، پاشان کاکل وتی: ئادەی توخوا مام سلێمان شتێکی دیکەشی پێ بڵێ بزانین!
مام سلێمان هەرچەند هاواری لێ کرد و خۆی بۆ سوڕاند، مردوسووتا ئەسپە کوێت خۆی تێك نەدا و ئەمیش جارجارە خۆی لێ تووڕە دەکرد، بەڵام ئەو چاوێکی لێدەکردن و ملێکی بادەدا، فایدەی نەبوو. دوا چەکی مام سلێمان ئەوە بوو بانگی لێکرد: وەرە کاو ئالیکم بۆت داناوە، کەچی ئەسپە کوێتە تەماشایەکی ئاخوڕەکەی دەکرد لەو دوورەیە و، چاوێکی لە ئەمانیش دەکرد لەگەڵ مام سلێمان لە سارایەك وەستاون و دنکە جۆیەك بۆ دەرمانیش نابینرێ، ڕووی خۆی لێ وەردەگێڕان و بە تەوسەوە یەك دوو جار کلکی بادەدا.
مام سلێمان لەم ئاکارەی ئەسپە کوێت زۆر قەڵس بووبوو، نەشیدەویست خۆی و ئەسپەکەی بشکێنێتەوە، ناچار جارجارە دەچوو بەلایەوە و شتێکی پێدەگوت، دەتگوت بە زمانێکی تر قسەدەکەن و ئەمان تێیان

ناگەن. دەهات و دەچوو و دەیگوت: سەیرکەن ئەمجارە بانگی دەکەم یەکسەر دێت، کەچی ئەسپەکوێت لەوەندەش بوو، ئەو ئەوەندە زیز بووبوو کە مام سلێمان بانگی لێ دەکرد، هەرجارە لاتەنیشتێکی خۆی دەجوڵاند، مام سلێمان لە هاتنی ئەسپەکوێت بە دەنگیەوە بێ ئومێد بوو و، وا لێی شێوابوو نەیدەزانی کوێتە لە کام ئەندامی لەشیەوە گوێی لە قسە دەبێت، بە هەموو هێزیەوە هاواری لێ کرد: ئەرێ ئەسپە کۆیتە گوێت لە کۆیتە؟

# شێ میرە کەرسپی

دەور دەوری شێخ و مەلا و سەید بوو، خوێندەواری هێشتان بە شێوەیەکی دیار لەناو کۆمەڵگادا ڕەنگی نەدابۆوە، جگە لە مەلاکان و شێخ و سەید و ئەو زاتە پاکانە کەم کەسی تر هەبوو بتوانێ بخوێنێتەوە و شتێك بنووسێ، لە زۆربەی دێیەکان جگە لە مەلا کە لە هەموو دێیەك هەبوو بنەماڵە شێخێك یا سەیدێك هەبوو کە خەڵکەکە بۆ دوعا و نزا دەچوونە خزمەتیان بە تایبەتی ئەوانەی تووشی نەخۆشی دەبوون، بۆ ئەوەی مراد و نیازیان حاسڵ بێ، بۆ خۆشکردنەوەی شێتان و زۆر شتی تری لەو جۆرانە، ئەو زاتانەش لەبەر کار و پیشەی خۆیان کە خواپەرستی بوو کارێکی ئەوتۆی تریان پێ نەدەکرا بۆیە بژێویان بە شێوەیەکی گشت کەوتبووە سەر دانیشتوانی ئەو ئاواییانەی کە لێی دەژیان. وا باو بوو هەرکەسێك کە دەچوو بۆ خزمەتی شێخ چەورایییەکی لەگەڵ دەستی خۆی دەبرد، کەم کەس هەبوو بە دەست بەتاڵی ڕوو لەو شوێنانە بکات.

ئاوایی شێخەیی دەمێك بوو بێ شێخ و مشایخ بوو.

دەڵێن: بەهۆی خزمایەتیەوە شێخەکەیان زەمانێك بوو باری کردبووە شار و لە تەکیەی شێخێکی گەورەتری خزمی خۆی دەبێتە یاریدەدەر و ئیتر لەوێ دەمێنێتەوە، گوزەرانی ژیانی لەوێ باشتر دەسووڕێ و لەبەر ئەوە ناگەڕێتەوە.

خەڵكی شێخەیی لەبەر ئەوە ناچار بوون بۆ ئەو ئیش و كارانە ڕوو لە دێهاتەكانی دەوروبەر بكەن و لە تەكیەی شێخەكانی ئەوان ڕاز و نیازی خۆیان بدركێنن و گرفتەكانیان تاوتوێ بكەن، ئەو هات و چۆیەش بۆ ئەوان لەبەر نەبوونی هۆیەكانی گواستنەوە زۆر سەخت بوو، تەنانەت كە نەخۆشێكی گرانیان دەبوو هەر بۆیان نەدەگەیەنرا دێیەكانی تر بۆیە دەبوایە تكاوڕجا لە شێخ و سەیدەكان بكەن كە بەڵكو بێن بە دەنگیانەوە و سەر لە نەخۆشەكانیان بدەن ئەمەش تەكلیفی زیادی دەكرد بۆیان.

ئیتر بەو شێوەیە تا ماوەیەكی دور و درێژ مانەوە، تا دەهات ناو و ناوبانگی پیاوچاكان زیاتر دەبوو ڕۆژێك دەیانگوت فلانە شێخ فلانە شێتی چاكردۆتەوە، فلانە كەس چوەتە لای فلانە سەید و مرازی حاسڵ بووە. ئیتر ئەم دەنگو باسانە لەناو خەڵكەكە تا دەهات زیاتر بڵاو دەبۆوە.

ڕۆژێكیان كابرایەكی ڕیشدار لە ئەقاری ئاوایی تووشی شوان و گاوانی دێ دەبێت و ئەوانیش لێی دەپرسن چ كارەیە و لەچی دەگەڕێ، لە وەلامدا دەڵێ: ناوی میرەیە و، شێخە و ڕێی كەوتۆتە ئەو ناوچەیە، ئیتر لەگەڵ خۆیانی دێنن بۆ ئاوایی و بەخەڵكەكەی دەناسێنن، چەند كەسێك كۆبوونەوە و، قسەیان لەگەڵ كرد، لە ئەنجامدا گەیشتنە ئەو بڕیارەی كە لە دهاتوودا بە شێخی بناسن و جێگاوڕێگا و پێداویستیەكانی بۆ دابین بكەن بەو مەرجەی لەدێدا بمێنێتەوە و بەشداری خۆشی و ناخۆشی جەماوەری دێیەكە بێت.

دیارە شێخی تازە ئەو هەواڵەی بیستبوو كە شێخەیی بێ شێخە و بۆ ئەم پڕ بە پێستیەتی شتێك پێكەوە بناو، خەڵكیش هەموو لەخوایان دەویست زاتێكی وا هەبێت، بە هەمووان ڕازی بێت و لە دێدا بمێنێتەوە، ئیتر هەردوولا پێك هاتن و بەو شێوەیە شێخ میرە دەستی بە شێخاتی خۆی كرد، بە ماوەیەكی كورت و بە تاكتیكی خۆی، خۆی شیرین كرد و بە ناوی

شێ میره خەڵك دەكەوتنە دوای.

هەموو تەكیە و جێگای شێ میره بریتی بوو لە قۆرتێك لە لاپاڵی كەندەكەی قولاخ (قولاخ چەند یاڵێكی بەین بەین بوو و كەندەلانی هەبوو، نزیكەی یەك كیلۆمەتر كەوتبووە سەرووی دێیەكەوە).

لەو قۆرتەدا شێخ بە قسەی خۆی شەو و ڕۆژی تەرخان كردبوو بۆ خواپەرستی، نەیدەویست ئەوەندە بێتە ناو خەڵك و تێكەڵ بە قسەو قسەلۆك بێت، دەیوت: با گوێچكەم بە زەم و زەمكاری ئەم و ئەو نەزرێتەوە چونكە لای خوا لە خۆشەویستیم كەم دەبێتەوە، ئێره دووره ئاوەدانیەو بۆمن باشتره، لێره دەتوانم خلوه بكێشم، بەلام چونكە من شەو و ڕۆژ لەبەر خواپەرستی خەو و خۆراكم نیه بۆیە دەبێ هەندێك خواردنی تایبەتیم وەكوو خورمای تەڕ و ناوكە گوێز و هەندێك خواردنی تر هەبێ.

هەڵبەتە خەڵكی ئاوایی ئەو خواردنانەیان هەموو بۆ تەرتیب كرد، ئیتر لەوە بەدواوە هەر دەتبینی بێوەژنە و پیرەژنە و عیللەتداره و، عاشقانیش بەو ئومێدەی شادبن بە یارویاوەریان بە كاكڵە گوێز و خورما و فستقەوە ڕوویان لە قولاخ دەكرد بۆ خزمەت شێخ.

ئەم هەواڵە بە ماوەیەكی كورت بڵاوبووەوە بە دەور و پشتداو شێخ و سەید و زاتەكانی تری ناوچەكە ئەم هەواڵەیان پێگەیشت، لای هەمووان جێی سەرسوڕمان بوو، چونكە كەسێك نەیدەزانی ئەم شێخە لەكوێوە هاتووە و سەر بە كام بنەماڵەیەكە.

عەسانێك بوو شێخێك لە دێیەكانی سەرووتر تووشی مام ئەحمەدی خەڵكی ئاوایی بوو، مام ئەحمەد سەربردەی شێخەكەی بۆ گێڕایەوە و وتی:

- لە خوا بەزیاد بێ، خوا دەرگای لێ كردینەوە و ئێستا ساحێبی شێخی خۆمانین.

مام شێخیش كەمێك بۆی داماو وتی:

- هەر ئەوە مابوو شەریکمان بۆ پەیدابێ، باشە شێخەکەتان ناوی چیە؟
- مام ئەحمەد: ناوی شێ میرە.
- ئەها! کام شێ میرە؟ کەردز یا کەر سپی؟
- قوربان ئەو ناوانەی پێوە نیە.

مامە شێخ قاقایەکی کرد و بە هێمنیەوە بە مام ئەحمەدی وت:
لە بێ خەبەران کەشکەك سەلاوات، کورە ئێمە لەیەکتری دەگەین تۆ بڕۆ پێی بڵێ: شێ میرە کەرسپی یا شێ میرە کەردز؟

# نەزیلەی داود دۆشاوەژ

- داود دۆشاومژ: چەندت پێ دەڵێم کورە برۆ ژووری خۆت بخەوە! ئەوا خانووەکەمان گەورە کردووە و ژوورمان زۆرە و، ژوورێك بە تەنیا بۆ خۆت بێ، وا تەسجیلیشم بۆت داناوە گەلێ حەیرانۆکە گوێ لێ بگرە، بەکرەی حەسەن حەیرانەکەش بۆ خۆت، ئای کە چەند خۆشی دەڵێ!

تۆ ئەو دیوەی وەرەقەکەی پێوە نەماوە لێبدە دەڵێ:

لە بسك قوتی سارەییان

لە گردەسۆری سیانان

لە قەفەکێ مامخاران

لە ئازیکەندێ بندیانان!

کورم! جێگامان هەیە حەوشە و بەرەیەکی گەورە و گرانە جێگای دووماڵی لێ دەبێتەوە، منداڵی عالەم بە شەشیان ژوورێکیان نیە؟ دەبڕۆ دەی جارێکی دیکە لەم ژوورەی خۆمان نەتبینمەوە، باشە؟

کوردۆ: باشە باش، خۆ ژوورەکەتان ناخۆم بابە! ئێ بەتەنێ چی بکەم لەو ژوورە؟ منیش حەز دەکەم لە لای تۆ و دایکم دابنیشم بە ڕۆژەوە و بە ئێواران، شەوانیش درەنگ وەختی خەو قەیدی نیە دەچم لە ژوورەکەی خۆم دەخەوم. تۆ هەر ئێوارانێك من لێرە ببینی کێچ دەکەوێتە کەوڵت نازانم عیللەتەکەی دەبێ چی بێ؟ دەباشە کەوابێ دەبێ تەلەفزیۆنێکیشم هەبێ، بەڵام قەیدی ناکا ئەو وەخت کاوڕەکانمان فرۆشت دەیکڕین.

ئەم مشتو مڕە ماوەیەك بوو لە نێوان مام داود و کوردۆدا بەردەوام بوو، مام داود لە مەبەستی کوردۆ دەگەیشت، دەیزانی کوردۆ بەتەنێ لە ژوورێکدا وەڕەس دەبێ و لەبەر ئەو هۆیە حەز بە ئاوەدانی دەکات، جیرانەکانیش منداڵێکی هاوکوفی ئەویان نیە تاکو بۆ خۆی لەگەڵیان بخافڵێت، بۆیە تەسجیل و بەکرەی حەیرانۆکەی بۆ پەیدا کردبوو. ئەو دەیویست بە هەر نرخێك بێت وا بکات کوردۆ ئێواران بچێ لە ژوورەکەی خۆی بخەوێ، بەڵکو ئەمیش بتوانێ بچێتە باخەڵی فاتم و پێکەوە ڕۆژ بکەنەوە، هەروا بووە، مرۆڤ کە عاشقی شتێك بوو و ڕێی لێ گیرا زیاتر تامەزرۆی ئەوشتە دەبێت. بەڵام کوردۆ منداڵ بوو لەم بەزم و ڕەزمە نەدەگەیشت، یاخود بیری بۆ ئەوە نەدەچوو کە باوکی لەبەر شتێکی وا ئەو لەوێ بەدەر بنێ، هەر ئەوەندە نەبێ سەری سووڕمابوو و، بیری تیا قەتیس مابوو لەم کارە.

کوردۆ دەیگوت:

زۆرم خەم دەخوارد لەم کارە، زۆرم بیر لێدەکردەوە، شێر و گورگ و ڕێویم دەهێنایەوە بۆ خۆم، بەڵام چونکە باوکم لە من زیرەکتر بوو و بە قەولی خۆی دنیادیتە بوو نەیدەهێشت بە هیچ جۆرێك هەست بەم کارە بکەم.

ڕۆژێکیان دەبینم باوکم هاتەوە لەبەر دەرگا تووشی من بوو پرسیی:

- کوڕم دایکت لە کوێیە؟

- لەگەڵ میمکم ڕەحمە ڕۆیی.

- هەە، دیسان ڕەحمە هات و فاتمی برد! زۆر بە هێدی و لەسەرخۆوە کە هەر خۆی گوێی لێ بێ دەیگوت: ئەمشەویش فت.

ئەمانەم گوێ لێبوو هەندێك لە مەبەستی باوکم گەیشتم! وەخت زوو دەڕوا منیش گەورەبووم و بڕیارم دا شتێك بکەم بۆ ئەوەی لە بنەوانەی

ئەم کارە بگەم. کوردۆ گوتی: باوکم کە ئێواران دەهاتەوە پیشەی ئەوەبوو، لەبەر دەرگای حەوشەوە بانگی دەکرد بۆ ئەوەی بزانێ کێ لەماڵەوەیە و منیش لە ژوورەکەی خۆمم یا نە؟ تۆزێکیش هەستم کردبوو کە باوکم ئەوەندە بە ئارەزووی ئەوەوەیە ئێواران زوو زوو ببێتە میوانی دایکم بۆیە هەڵسام ئێوارانێك بەر لە هاتنەوەی باوکم خۆم کردە نەخۆشێکی ئەوتۆ ئەوسەری دیار نەبێ، دایکم بانگ کردە ژوورەکەی خۆم و گوتم دایە دەبێ بمشێلی و لەگەڵم بی ئەگینا من خەوم لێ ناکەوێ.

دایکم هێندە منی شێلا و لە تەنیشتی من و لە ژوورەکەی من خەوی لێکەوت، ئەو کات چووم لە ژوورەکەی ئەوان و لە ژێر لێفەکەی دایکمدا سێ بالیفی زەلامیم هەندی قەوارەی دایکم لێ کرد و لە شێوەی ئەو سەریانم داپۆشی.

درەنگانێك کە باوکم هاتەوە، زوو لە بەر دەرگاکەی خۆم یەك دوو کۆخەم کرد و وام پیشاندا لە ژووری خۆمم و لێرە نووستووم. ئەو چوو سەر پێشاوێك بکا و منیش خۆم مەڵاس دا، دوایە کە گەڕایەوە چوو بۆ ژوورەکەی خۆیان و من بە دزی بەدوایەوە، ئاگام لێبوو باوکم خۆی رووت کردەوە تە نها دەرپێ سپیە درێژەکەی کە دەتگوت فسفۆڕە لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە لەبەر خۆی هێشتەوە.

بینیم باوکم یەکسەر بەرە و رووی جێگاکەی دایکم چوو و، وەك پڵینگێکی برسی چۆن خۆی بۆ کەروێشکێك دەهاوێ، ئاوا خۆی تێهەڵداو هاواری کرد: ئحم ئحم، فاتم خۆت بگرە وا هاتم!

# بەدری بەریووك

بەدری بەربووك بەناو ساڵەوە چوو بوو، تەمەنی ڕێگایەكی دوورودرێژی پڕ لە هەوراز و تەلان و بەندەنی ژیانی بەزاندبوو، پشتی كوڕ بووبووەوە و چاوەكانی كز بووبوون، بەڵام هەر كوڵی نەدەدا و پرچە سپیەكانی قەف قەف دەهۆنیەوە و بێباك خزمەتی دەكرد، جارجارەش هەندێك خەنەی لێ دەگرت و مەیلە و سووری دەكرد. لە هەرەتی لاویدا بەدری كچێكی سوور و سپی و باڵابەرز و ناوقەد باریك بووە، خەڵكی وا وەسفیان دەكرد مێوژی ڕەشی بخواردبایە لە گەردەنی تەنكی بەدی دەكرا، گەنجەكانی ئەو سەردەم شەوو ڕۆژ تامەزرۆی بینینی بوونە و، سەركانی و سەركوڵانەكانیان كردووە بە شوێن پیشەی هەمیشەییان بۆ بینینی.

ئەو خۆی دەیگێڕاوە بۆ دەستە خوشكەكانی: خوشكۆڕێ! ئای دنیا ئەوهایە! كوێراییم دایە! خەڵكی، حەوت دێیان بە سواری وڵاخ دەبری و دەهاتن بۆ خوازبێنیی من، ئەوە كوڕەكوڕەی ئاواییش هەر هیچ، هەموو بەبەر ماڵی ئێمەوە و سەر كوڵان بە سەركوڵان سەرە تاتكێیان دەكرد و حەیرانۆكەیان بانگ دەكرد.

بە خودای خوشكۆڕێ! مستەفاغای ئەو دێیەی ئەوبەرەوە بە خۆی و پیاوەكانی هاتن بۆ خوازبێنی، منیش جەڕەكەم بە شاندا دا و چوومە

سەرکانی تا مەغریبانێك نەهاتمەوە، کە هاتمەوە دایکم وتی: کچێ بەدری ئەوە لەکوێ بووی ئەو پیاوانە هاتن لەو ڕێگا دوورەوە؟ خۆ مستەفاغا و پیاوەکانی بوون! هەی سەرت نەتراشن؟ منیش وتم کچێ دە لێیان گەڕێ... تێدەگەن؟ ئێستاش هەندێك خەڵك دەمیان بکەیەوە دەڵێن بەدری پیر بووە. پیری چی؟ بەخوای ئێستاشی لە گەڵدابێ لە جوانی و ناسکی و نازداری کەسیان تۆزم ناشکێنن.

دەڵێن بەدری بەربوك تا تەمەنی چل ساڵی هەر بە قەیرە کچی دەمێنێتەوە، خۆی گوتوویە نیو عومر بوخچەی نەکراوە بووم، گوایا دڵی بە قادر قۆزی دراوسێی خۆیانەوە بووە و زۆر لە سەری وستاوە، بەڵام قادر قۆزی لە ترسی هەڕەشە و گوڕەشەی ئامۆزایەکانی بەدری، زاتی ئەوەی نەکردووە بچێ بۆ خوازبێنی، هەرچەند بەدری تین و تاوی داوەتە بەرو، هەوڵی لەگەڵ داوە سوودێکی نەبووە، تەنانەت هەندێك جار تانە و توانجی ترسنۆکیشی پێ وتووە بەڵکو دەمار بیگرێ و بچێ بۆ داخوازی، کەچی ئەم هەوڵەشی هەر مایەپوچ بووە، بۆیە ئەویش بە زۆری و زۆرلێکردنی کاکی گەورەی و دایکی، مل دەدا و بە یەکێك لە ئامۆزایەکانی خۆی شوو دەکات، بەڵام مەیلی قادر قۆزیی هەرلا دەمێنێ.

بەدری لەگەڵ شەنگ و شۆخیی، لە پێشنیار کردن و هەڵبژاردن و چۆنیەتی پەیوەندی بەستنی نێوان کچان و کوڕانیش دەوری باشی دەبینی و یارمەتیی تازە هەڵچووەکانی ئەو سەردەمەی دەدا، ئەویندارانی ئەوکات بۆ ڕێنمایی وەرگرتن و سۆز گۆڕینەوە هەمیشە تەگبیروڕایان پێ دەکرد. ئەوەی زیاتر بەدری هیوایەتی بوو و پێی دەگەشایەوە، خەڵکی ئاواییش نابەدڵیان نەدەکرد و بەشداریان پێدەکرد، بەربووکی بوو.

ئەو ئارەزووی ئەوەی دەکرد بۆ هەموو بووکەکان ببێ بە بەربوك و دەستی تازە بوك بگرێ تاکوو تەسلیمی زاوای دەکات، لەخۆی وا

ڕادەبینی کە نابێ بووکێك هەبێ لەو شۆختر بێ، هەرواش بوو ئەو لە بوکەکان زیاتر خۆی دەنەخشاند و دەستە جلەکانی زەمانی بووکێنی خۆی لەناو کۆنە باولەکەی بە بۆن و بەرامەوە هەر هەڵگرتبوو، تەنها کاتی بەربووکی یاخود ئاهەنگێکی تایبەت نەبوایە لەبەری نەدەکرد.

سەرەتای وەرزی بەهارە، بەهار کراسی ڕەنگینی خۆی لەبەر سروشت کردووە، گژو گیا سەوز و، دار و دارستان بە شنەی با دەگەشێنەوە، گوڵە حاجیلەکانی دەوری دێ بە جوانی ئاسمان لە سەمادان، خانووە قوڕەکانی ئاوایی بە بۆنی گوڵی لالەزاران خۆشبۆنن و خەڵکی ئاوایی لە پشت ماڵان و بەردێ دوو دوو و سێ‌سێ و کۆمەڵ کۆمەڵ بە بینینی جوانیی سروشت و هاتنی بەهار هەناسەی ئاسوودەیی هەڵدەمژن. لەو کاتەدا هەمین کە دەستە خوشکی بەدری و دۆستی لە مێژینەیتی لە ماڵ وەدەرکەوت بۆ ئەوەی سەرێك لە بەدری بدات و یەك دوو سوالفەی خۆش پێکەوە بکەن، هەندێك یادی ڕابووردووی منداڵی و کچێنی خۆیان پێکەوە بکەن ، چونکە گرێی دڵیان هەر بەیەك دەکرێتەوە. پاش چاکو چۆنی دەرگای باس و بەسەرهات کرایەوە.

- هەمین: ئێ بەدە! ئەوەندە خۆت هێنا و برد قادر قۆزیش نەتی ویست؟

- کچێ چیی لێ بکەم ترسنۆك بوو، قسمەت نەبوو.

- بە بیرت دێ جارەکەی لەسەر کانی بەربوویتەوە و لە دارەکە گیربوویت؟ کوڕەکەش پێت پێکەنی؟

- کچێ دەبەسە هەمینە کورە! ئەمە چی بوو لە بیرت نەچوو؟ ئەی باشە خۆت بۆ ناڵێی؟ ڕۆژ تا ئێوارە تیترەت دەکرد تا عەزە گاوان ئێواران دەگەڕاوە، بە کراسی بریق و باق خۆت پێ نیشان دەدا، ئەویش چوو فەخەی هێنا و ئاوڕیشی لێت نەدایەوە؟

- ده تۆ واز لەو شتانە بێنە! ئێستا هیچ شایی و زەماوەند شك نابەی؟ هەندێك بۆ خۆمان هەڵپەڕین؟

- كچێ ناوەڵا! بە ناشكوری ناڵێم دێیەكەمان دەڵێی گەنجی تیا نەماوە. جا باشە تۆ هەی ..... كەڵكی هەڵپەڕینت ماوە؟

- كچێ ئائا! هەی لە من..... تر، ئەگەر تۆ لەخۆت ڕا ببینی بۆ بەربووكی، لەسەر یەك قاچیش بێ دەبێ منیش هەڵپەڕم.

لەو كاتەدا خەبەر هات گەنجێكی ئاوایی ژنی لە دێیەكی دراوسێ مارە كردووە و هەینیی داهاتووش نیاز وایە بوك بگوێزرێتەوە. بەدری بەربووك كە ئەمەی زانی بەهەر حاڵێك بوو خۆی گەیاندە ماڵی تازە زاوا، وەك پێشان دەیەویست بەربووكی بكا. چەند كەسێك پێشنیاریان وابوو كە بەدری پیر بووە و توانای بەربووكیی نەماوە، هەندێكی تریش گوتیان قەیدی چیە. بە هەر جۆرێك بوو بەدری خەڵكەكەی ڕازی كرد ئەم بەربووكیەش بكات.

كاتی بووك گواستنەوە بەدری جلی زەرد و سووری بوكێنیی خۆی وەك جاران لە بەركردبوو و، دەستی بوكی وەها توند گرتبوو نەوەكو بەربێتەوە ڕیسەكەی لێ ببێ بە خوری و بڵێن پیر بووە، كراسی زەرد و سوور لای پشتەوەی هەستابۆوە و لای پێشەوەش لە زەوی دەخشا و گۆچانەكەشی بە دەستێكیەوە بوو، لە پشت خۆیەوە نابوو. كاتێ هاتن بۆ ماڵی زاوا لە خۆشی جوانی بووك تا چاو بڕی دەكرد خەڵكی زۆر لێبوو و قەڵەباڵغ بوو، دەیانگوت بووكی ئەمجارە زۆر جوانە، شیرناتی بەسەر خەڵكەكەدا هەڵدەڕژێنرا و، دەبووە گوێفڕكان گوێفڕكانی منداڵان بۆ قلە چوكلێت.

قادر قۆزی كە ئەویش پیر و بە تەمەن بووبوو، خەیاڵی لاویەتی خۆیی و بەدریی نەمابوو، وەكوو خەڵكەكەی تر چوو بۆ بینینی بووك، لەوكاتەش قلە چوكلێتێك لە حەواوە هات و، خۆی بە بناگوێی قادردا كێشا، ئەویش

کەوتە گومان و پرسی چییە ئەوە؟
بەدری بەربووکیش لێی ڕاپەڕی و وتی:
کورە ئەوە ترنی نیەو جاترە بەربووک لە بووك جوانترە.

# نیمەی چەقەر بی

# نیمەی گورگ بی

عەولا عارەب پیاوێکی کورتە باڵای ڕەش ئەسمەری تۆزێك بزێو بوو، ئارەزووی ڕاو و ڕاوشکاری هەبوو و هەمیشە لە بیری ئەوەدا بوو کە بە تانجیەکانیەوە بچێتە ئەو دەشتە و تەماڵێك بدۆزێتەوە، ئاسکێکی چاو جوان و شاخ ناسك لە لایەکی ئەسپەکەی کە ئەو پێی دەگوت (کەحێل) شۆڕبکاتەوە و بەرەو ئاوایی بهێنێتەوە، خەڵکیش بەرەو پیری بچن و نازناوی ڕاوکەری پێ ببەخشن، چونکە ئەوەی ڕاوکەر بێ ئەبێ نێچیریشی ببێ، بەڵام ئیتر ئەم ویست و ئارەزووەی عەولا عارەب لە خەون و خەیاڵ زیاتر تۆزێك دوور نەکەوتەوە، ئەو شەنسی لە تانجی باش و خێرا نەبوو، هەر تانجیەکی باشی دەست دەکەوت و خزمەتی دەکرد، نان و ئێسکی بۆ پەیدا دەکرد، خۆی ئازا نیشان دەدا و کلکی لەسەر پشت دادەنا و، هەرکە عەولا عارەب دەچوو بەلایا مۆزە مۆزی لەبەردەکرد و خۆی وەك بووکێکی ڕازاو کە گشت گیانی لە ئاڵتون هەڵکێشرابێ و بە قەنەفڵ دەوری گیرابێ نیشان دەدا، وای دەنواند کە ئامادەی ڕاو و تێبەردانە، کەچی کە لە ئاوایی دوور دەکەوتەوە و دەشت و بانایی و سارای لێ دەردەکەوت، تانجی دەبووە پیرە گیانلەبەرێك لە جیاتی ئاڵتونەکانی لەشی پێستی گەڕگەڕ دەبوو و قەنەفڵەکانی چواردەوری تێکەڵ دەبوو لە بۆنی گەنیوی برین و هەناسەی وەك هەڵاوی دەمێکی لێ دەهات کە هەفتەیەك بێت نەکرابێتەوە

و بەر هەر لووت و مێشکێك بکەوێ ژانەسەری قورسی تووش بکا.
ئەو لە ناو ئاوایی بە هۆی قیت و قۆزیی تانجیەکانی و، لە گرەوی سەر خەرمانان بەهۆی دووریی دەشت و دەرو، نەبوونی نێچیر هیچ کۆڵی نەدەدا و خۆی بە کەمتر نەدەزانی لەوانی تر، تەنانەت هەندێك جار وای خۆ دەنواند کە کەم کەس هەبێ خۆی لە قەرەی بدات ، بەڵام کاتێ گرەو دەهاتە سەر ئەوەی بەیانی لای عەسرەکەی لەگەڵ ڕاوچیانی دێ بچن بۆ ڕاو ئەوا عەولا خۆی و پیرە تانجیەکانی هەرچی عیللەت بوو دەبوونە میوانیان و سەرتاپای گیانیانیان دەگرتەوە، پەکیان دەکەوت و چاوکز و بێ وزە دەهاتنە پێش چاو، مەبەستی ئەو ئەوەبوو تەنها بچێ بۆ ڕاو.
ئەو ئێوارەیەی عەولا عارەب بە تانجیەکانیەوە لە گرەوی سەر خەرمان بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە، زۆر برسی و تینوو و ماندوو بوو، پاش نان خواردن ئارەزووی چووە سەر چایە و داوای چایەکی کرد:
ئامە! چایەك بیارە.
- چای لە کورە بیارم پیاوەکە؟ چەند ڕۆژە خوم و ئەو تاقە دوێتە هاوار دکەین برۆ ئەڕا شار و دوو کیلۆ شەکر و کەمێك دەرمان چا ئەڕامان بیارە، هەر گویش بەمان نێدەین؟
- هێ کچێ! ئێوە نێزانن من چەند ماندیم؟ شار ئەڕای چی؟
- دەی پێوقەدەمت بەخێر بیایتەوە! دیارە نێچیرێك بەیەتی ئەمڕو! هەستە دوێتەم شوکری! برۆ بزانە ئەسپە کەحێل خەروێ یان خەزال بەوەیتی؟
- کچێ دە هەیترِ بن.
چار نیە، ئەو شەوە عەولا هەر بە خەیاڵی چا و شەکر و کولان و پیاڵە و کتری و قۆری بردیە سەر، بۆیە لەگەڵ شەبەقی بەیانی ئەسپەکەی زین

کرد و بەرەو شار کەوتەڕێ. پاش ڕێ بڕینێکی یەك کاتژمێری گەیشتە شار، لە نزیك قەبرسانەکەی دەرەوەی شار و سەر ڕێی گەڕانەوەی ڕێبوارانی دێ ئەسپەکەی بەستیەوە، پاشان بە پیادە بۆ ناو شار شۆڕ بووەوە تا گەیشتە دوکانی جەلیل جاهیل.

- سەلام و عەلەیك! چوینین کاك جەلیل؟

- یاخوا بەخێر بێی مام عەولاّ! دەوەرە دانیشە ساردیەك بخۆرەوە.

- ئای دەست خۆش بی کاك جەلیل! ئەوە چوین دروستی دکەی و ساردی دکەی ئەمە؟

- ئەوە من دروستی ناکەم مام عەولاّ! لە شەریکەی کۆلا دروستی دەکەن و بۆ ئێمەی دێنن و ئێمەش دەیفرۆشینەوە. ئەوە چۆنە وا دەرکەوتی مام عەولاّ؟

- وەلاّ چی بویشم کاك جەلیل! شەکر و چامان نەماگە، هاتگم هەندیك شەکر و چا بکڕم. نازانم گران بیە؟ هەرزان بیە؟

- باشە باش هەروا دەبێ.

- ئەرێ کاك جەلیل! وەختە دڵم شەق بەری، تۆخوا ئەڕا بەت دویشن جەلیل جاهیل؟ بەم نێویشی؟ بەرام توخوا تووڕە نەبین.

- بەخوای بڵێم چی مام عەولاّ؟ دەڵێن وەختی خۆی کابرایەك مێوژ و قالۆچەیان پێکەوە بۆی تێکەلاّو کردووە، ئەویش سێ و دووی لێ نەکردووە و هەرووکیانی پێکەوە خواردووە بۆیە ناویان ناوە جاهیل، جا دەڵێن گوایا ئەو پیاوە باپیرە گەورەی من بووە. ئیتر ئەوا بەزمی قالۆچە بۆ منیش ماوە. ڕاستی مام عەولاّ! باشە بۆ بەتۆ دەڵێن عەولاّ عارەب، خۆ تۆ هەر عەرەبیش نازانی؟

- کورە چویزانم، چ بەت بویشم! دویشن باپیرە گەورەی منیش لەو دەم شەتە بیستان دکەی و بیستان نۆمانگی و کاڵەگ دگری، ڕەوەندی

عارەب دیانە ئەو شوینە و تاقمە ژنە عارەبیك دیانە ناو بیستانەکەی باپیرم، ئەویش نێکەیتە نامەردی سەر و نۆمانگیان دەداتێ و لەوەری دیانە ناو کەپرەکەوە تا درەنگانیك لەورە دمیننەوە، ئەوجا لەوەوە بەی دویشن عارەب. تێدەگەی؟ دەی دوو کیلۆ شەکر و نیم کیلۆ چا ئەپرام بکیشە.

کاتێك عەوڵا لە شار بەدەرکەوت بەرەو لای ئەو شوێنەی نزیك قەبرستانەکە کە ئەسپەکەی لێ بەستابۆوە، سوار ئەسپە کەحێل بوو و، بە شەکر و چاوە بەرەو ئاوایی کەوتەوە ڕێ. پاش تۆزێك ڕێگا بڕین تووشی عەودلحەمید بوو و بوونە هاوڕێبوار، پێکەوە بەرەو لادێ گەڕانەوە. لە ڕێگا عەودلحەمید خەبەری مردنی مەنیجەخانی پێدا.

مەنیج ئافرەتێك بوو کە خزمایەتیەکی دووری لەگەڵ عەوڵا عارەب هەبوو و بەهۆی ژن بەژنێوە وەختی خۆی دەکەوێتە دێیەکی تری دراوسێی خۆیان هەر لەو ناوچەیە، ئافرەتێکی تا بڵێی خانەدان بوو، بۆیە بە مەنیجەخان ناوی دەرکردبوو.

عەوڵا و عەودلحەمید، کەوتنە تەگبیرکردن کە بۆ بەیانی بچن بە سۆراخی مردنی مەنیجەخانەوە. بۆ ڕۆژی دوایی هەردووك بەسواری ئەسپ بەڕێکەوتن بچن بۆ سۆراخ، کاتێك گەیشتنە ماڵی مەنیج، بینیان خەبەرەکە ڕاستەو تازیە گەرمەیەتی، زۆربەی خەڵکی ئاوایی و هەندێکی دەوروبەر لەوێ ئامادەی پرسەن، ئەوانیش بە جووتە چوونە ژوورەوە و لەگەڵ خەڵکەکە دانیشتن، فاتیحەی خۆیان خوێند. پاش پرسە و سەرەخۆشی لە کەس و کاری مەنیجەخان، عەوڵا و عەودلحەمید ویستیان بگەڕێنەوە، بەڵام لەبەر تەکلیفی منداڵەکانی مەنیج و لەبەرئەوەی لەگەڵ مەنیج خزمایەتیشی هەبوو عەوڵا، ئیتر عەودلحەمیدیان بەڕێکرد و عەوڵا ئەو شەوە مایەوە.

بۆ بەیانی دەمە دەمی ئێوارە عەوڵا ویستی بگەڕێتەوە ماڵەوە، لە ڕێگا تاریکی بەسەردا هات، لە ناوەڕاستی ڕێگادا ڕێویەك خۆی بە بەر سمتی ئەسپەکەیدا دا، ئەسپە کەحێل نسکۆیەکی کرد و لەخۆی هەڵدا، مەترێك بەرز بووەوە و عەوڵای بە زەویدا دا ، عەوڵا لە ترسانا وەختابوو ئەترەشی بچێ، بە هەر حاڵێك بوو خۆی گەیاندەوە سەر پشتی ئەسپە کەحێل.

کاتێك عەوڵا درەنگانێك گەڕایەوە ئاوایی، لە دوورەوە هاواری کرد، خزم و گەلیش دەنگیان ناسی و بەرەو پیری هاتن، هەموو کەوتنە پرسیار کورە چی بووە؟ کورە چی بووە ؟

عەیشێی خوشکی لەولاوە بە هەڵەداوان هات: دەك کویر بم! دەك کویر بم! کاکە چی بیە؟ توخودا بەم بویشە چی بیە؟ ئەسپە کەحێل ئەڕا خوین بەوەیتی؟

عەوڵاش دەهاتو دەچوو و لەسەر ئەسپەکەش نەدەهاتە خوارەوە و دەیوت :

وە ئیللا خودا ڕەحم کرد خوەیشکم! نیمەی چەقەر بی نیمەی گورگ بی.

# نوشته

کاکل کافیە دەمێك بوو لە ماڵ و منداڵەکانی خۆی زیز بووبوو و بەو ناوچانەدا سەرگەردان دەسوڕایەوە، بەر لەوەی ڕوو لە ناوچەیەی گەرمیان بکات دیار بوو چەند شوێنێکی تری بەسەر پێوە سەر لێ دابوو و لە هەر شوێنەی ماوەیەك چ کورت چ درێژ وەختی بەسەر بردبوو.
کاتێ لەو ناوچەیە گیرسایەوە پێی وابوو کە ئەوێ پڕ بە پێستی ئەوە و دەتوانێ ماوەیەکی دوورودرێژ تێیدا بمێنێتەوە، یاخود هەر دەتوانێ بە بەردەوامی ژیانی تیا بەسەربەرێ و، بیر لەو ژیانە ناچارەی کە پێشتر تێی کەوتبوو نەکاتەوە.
لە سەرەتادا کاکل بێهێز و کەمدوو بوو، ئارەزووی ئەوەی دەکرد تەنها بێت لەبەرئەوە زۆر تێکەڵی ئاوەدانی نەدەبوو، دیار بوو ئەو تەنیاییەی هەڵبژاردبوو کە بیر لە ڕووداو یاخود کارەساتێك بکاتەوە، بۆیە ڕەنگ زەرد و لەڕ و لاواز بووبوو.
لای ئێواران کاکل لە کۆبوونەوەی لاوەکانی بێژن بەشداری دەکرد و، ئەو ئەو جێگایەی بە باشترینیان دەزانی بۆ تێکەڵبوون بە ئاوەدانی. لەوێدا هەموو باس و خواسێك دەهاتە ئاراوە و هەموو سەرگوزشتە و بەسەرهاتی ڕۆژانەی لاویەتی خۆیان بە شێوەیەك دەگێڕایەوە.
ئەو ڕۆژەی یەك لە لاوەکان وتی:

- ئەرێ تۆ، کاك کاکل! چۆنە وا ڕێت کەوتۆتە ئێرە؟
کاکل دەمێك بیری کردەوە و تەماشایەکی ئەم دیوو ئەو دیوی خۆی کرد، هەموو چاویان لێ زەق کردبووەوە چاوەڕێ بوون بێتە قسە، وای بۆ چوو کە چار نیە، بۆیە شانی لێهەڵماڵی و وتی:
- لە ژن و ماڵ و منداڵەکانم تۆراوم.
- جا باشە چۆن دەبێ پیاو بتۆرێ؟ لە وڵاتی ئێمە هەر ژن دەتۆرێ؟
- ئەی چیان لێ بکەم؟
- باشە لەسەر چی بوو تۆرای؟
کاکل سەرێکی هێناو برد، لە بەر خۆیەوە منگەیەکی کرد (هەی هو..) وتی:
- ئارەوزم لێبوو ماشینێك بکرم ژنە نەیدەهێشت.
- باشە ئەدی ماڵی تۆش نەبوو، بۆچی نەیدەهێشت؟
- چوزانم، دەیگوت تۆ هەر ڕۆژە لە جێگایەکی و، سەر بە لایەکی با لەم کەین و بەینە ئەوەندە پارەیەی هەمانە نەبێتە ماشێن و لێمان بستێنن و دەستی بەسەردا بگرن.. خۆ لەسەرێکەوەش ڕاستی دەکرد، زۆر کەسی وا توهمەیان خرایە پاڵ و سوکنەیان لێ تێکچوو و ماڵ و منداڵیان دەربەدەر کرا و هەرچیان پێکەوە نابوو لە چاوتروکانێکدا گوم بوو، کەس نەیزانی زەوی قوتی دا یاخود ئاسمان هەڵیلووشی.
کاکل سەربردە و سەرگوزەشتەی زۆری پێ بوو، بۆ ئەو جۆرە بیرکردنەوانە پسپۆڕێکی شارەزا بوو. هەرچی لە ژیانی دیبووی هەموو وەك ئەوەی تازە لە بەرچاوی ڕووبدا دەیگوتەوە.
ڕۆژانە کە کۆ دەبوونەوە هەموو دەوریان لێی دەدا و ئەویش لە قسەی خۆش و نوکتە و مەتەڵ گێڕانەوە کەسی بێبەش نەدەکرد، پاش گێڕانەوەی هەریەك لەوانە کردبوویە پیشە دەیگوت:

- ئەدی چۆن بابم! بە نوشتەی تانجی بووم بە ڕاوچی!

هەموو سەریان لەوە سوڕمابوو، بۆچی پاش هەریەك لە مەتەڵ و سەربردەکان وا دەڵێ؟ خۆ هەندێك لەو سەربردە و نوکتانە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ مانای تانجی و ڕاوچی تێکی نەدەکردەوە. خۆیان هێنا و برد پاش چەند جارێك بە گشتی داوایان لە کاکل کرد کە ماناکەی ڕوون بکاتەوە، ئەویش وتی:

- نەمدەویست بەسەرهاتی خۆم و خانەوادەکەم بگێڕمەوە، بەڵام ئێوە داواتان لێکردم و، منیش مادامێك لەوان تۆراوم بۆیە بۆتان دەگێڕمەوە:

- ئەوە تانجیەکمان هەبوو زۆرمان خۆش دەویست چونکە وەختی خۆی جارێکیان بردمان بۆ ڕاو ئاسکێکی بۆ کوشتین، هەرچەندە دوایە زانیمان ئاسکەکە نەخۆش بووە.

ئیتر ساڵێکیان من و ئەو تانجیە نەخۆش کەوتین، قەدەرێك کەوتین من لەسەر جێگا و ئەو لە لاتەنیشت دیواری حەوشەکە، من دەمم بەیەکا ئەدا و ئەو هەنسکە هەنسکی بوو.

ماوەیەکی زۆر بەو شێوەیەماینەوە، ژنەکەیشم هەر بۆڵە بۆڵی بوو لەسەر تانجیەکە و دەیگوت: لە بەلاش ڕامان گرتووە نە نێچیری هەیە و نە خێر، خودا هەڵناگرێ دوعای خێریشی بۆ من دەکرد.

پت و پیرەژنی دراوسێ و کۆڵانەکەمان و پیرە مێردەکان دەهاتنە لای من، چوونە بن دەستیەوە یەکێك دەیگوت: بۆ نایبەیتە سەر دوکتۆر، یەکێکی تر دەیگوت: بۆ دوعایەك نوشتەیەکی لای شێخ و مشایخان بۆ ناکەیت؟

هەر لەسەر ئەو قسانە عەسرانێك ئافرەت خۆی خڕ کردەوە گوتی:

- پیاوەکە دەچم لای شێخ دوعایەك بۆ تۆ و بۆ تانجیەکە دەکەم بەڵکو ڕاست ببنەوە.

هەرچەند هەوڵم لەگەڵ دا نەچێ بۆ نوشتەکردن و پێم گوت: من بڕوام

بەو شتانە نیە وەرە واز بهێنە، فایدەی نەبوو، چوو. وەختی مەلا بانگدان بوو هەر ئەوەندەم زانی ئافرەت بە دڵخۆشیەوە هاتەوە هەر ئەوەندە مابوو لە خۆشیانا هەلهەلە لێ بدات وتی:

- دوو نوشتەی بەکارم هێناوە، ئینشائەڵڵا بەم زوانە لە دوو بۆ سێ مانگ هەردووك قیت دەبنەوە.

ئیتر پاش ئەمانە ڕاستی بڵێم منیش هەندێك دڵم خۆش بوو و هەناسەیەکی ئاسوودەم کێشا. ئافرەتەکەم دوو پارچە پەڕۆکی سەوز و پێچراوەی لە گیرفانی دەرهێنا و یەکدوو ماچی لێکردن و دوو داوە دەزووی بەهێزی لە هەریەك لە سوچەکانیانەوە قایم کرد و یەکیانی بۆمن هێنا هەرچەند لەگەڵم خەریك بوو ماچم نەکرد، بە تکاو ڕجا لەملی کردم، ئەوەی تریانی برد بەزۆر لە ملی تانجیەکەی کرد و دەستێکی بە سەریدا هێنا.

مانگێك بە سەردا تێپەڕی نە من نە تانجی بەرەو باشتر نەدەچووین، جار جارە نوشتەکەم لە ملم دەکردەوە و تەماشایەکم دەکرد، ڕۆژێکیان وتم:

- ژنەکە ئەم نوشتانە هیچ ناویان پێوە نیە؟

پت و پیرەژنان ئەوەندە ژنەکەمیان ترساندبوو، شێرو گورگ و ڕێوییان بۆ هێنابووەوە، نەیدەوێرا بە جوانی تەماشای نوشتەکان بکا وتی:

- کورە دەتۆ هەقت بەسەرەوە نەبێ ئەو کاری خۆی دەکا، ئەو فەرمووی سێ مانگ.

- کچێ ئافرەت! دوو نوشتەی بێناوت هێناوە، نابێ بزانین کامیان هی تانجیە و کامیان هی منە؟

- تۆ هەقت نەبێ نا.

بەهەر حاڵێك بوو دوو مانگی تریش خۆم گرت تاکو سێ مانگە تەواوبوو، خەراپتر بووم چاکتر نەبووم. بیرم کردەوە! هەبێ و نەبێ نوشتەکەی من

لەگەڵ نوشتەی تانجیەکە گۆڕاوە.. نوشتەکەی ملی خۆمم کردەوە و چووم لەملی تانجیەکەم خست و، نوشتەی تانجیەکەم لە ملی خۆم خست.

هەموو پێکەوە: باشە دوایە بەوە چابوونەوە؟

- ئەدی زۆر، نابینن! وەکوو تانجی کەوتوومە دەشت و دەران؟

ئەدی چۆن بابم! بە نوشتەی تانجی بووم بە ڕاوچی!

# متۆ

لەو گوندانەی دەم زێی دەشتی هەولێرە پیاوێکی گەڕۆك هەبوو ناوی متۆ بوو، متۆ کە ناوی خۆی مستەفا بوو، زۆری لا خۆش نەبوو هەر بەو ناوە بانگی لێ بکرێ بەڵکو دەیگوت: ناوم متۆیە.

متۆ هیچ جۆرە کاروکاسبیەکی لە گوندەکەی خۆیان نەبوو، شان و مەچەکی بە ئیش و فەرمانی دێهاتی ڕانەهاتبوو، بە کوردی داری لەسەر بەرد دانەنابوو، ئەو وەختانەی لە گوند دەمایەوە زیاتر لە ماڵی کانەبیی براو برازای دەژیا و یارمەتی و کۆمەکی ماڵی لەوان وەردەگرت، ئەگینا باقی ژیانی گەڕۆکی بوو بەو گوندانەی ناوچەکانی ئەو مەڵبەندە سوڕایەوە هەر ڕۆژە و هەر شەوە لە گوندو ناوچەیەك دەبینرا، بەزۆری لە بەهار و هاویناندا بە خێرایی دەخولایەوە، لە وەرزی خەزان و وەختی گەڵاڕێزان و زستاناندا ئەویش ناوە ناوە بزر دەبوو و، بۆ ماوەیەك لە هەندێك جێگا دەگیرسایەوە.

متۆ لەم گەڕانەی بە گوندەکاندا ئیشی ئەوەبوو هەرکەسێك کوڕی ببوایە بەخشیشی ئەوەی کە بێچوەکەی کوڕە، یەك دیناری لێوەردەگرت، ئەگەر منداڵەکەش کچ بوایە یەك دیناری دەدا بە دایکوباوکی منداڵەکە.

دیاره ئەو بە هەرجۆرێك بوایە دیناری خۆی لە دایکوباوکی منداڵە کوڕەکە وەردەگرت، بەڵامماڵی منداڵە کچەکە دڵیان پێ دەسوتا و دیناری خۆیان لێ وەرنەدەگرت.

جگە لەمانە متۆ هەندێك جار کۆڕ و کۆبوونەوەشی بەڕێوە دەبرد، لە گوندەکاندا خەڵکی دەوریان لێدەدا و قسەی خۆش و سەربردەی خۆشیان پێ دەگێڕایەوە، ئەو لەبەر ئەوەی بە زۆربەی ناوچەکاندا دەسوڕایەوە، هەندێك جار نەخشەکەی دێهاتەکانی ناوچەی گەرمیانیشی دەگرتەوە، ئاگاداری گەلێ بەسەرهات و ڕووداوەکانی ئەو شوێنانە بوو.

ڕۆژێکیان بە چاو هەڵهێنانی دوو کۆرپەی ساوا بە ژیان و، هاتنی متۆ بۆ ناوچەی گەرمیان خەڵکێکی زۆر گردبووبوونەوە.

دوای بەخێر هاتن و چاك و خۆشی لەگەڵیا یەك لە لاوەکانی ئەو جەماوەرە بەناوی فەتاح لە متۆی پرسی:

- توخوا متۆ! شتێکی خۆشمان بۆ بگێڕەوە.

- متۆ: جارێ دوو دینارەکەم بدەنێ!؟

هەردوو باوکەکە هاتن و یەکو دیناریان لە دەستی متۆ ناو ئەویش بە چاو تروکانێك لە گیرفانی ناو بە سنجاقی سەر لێواری گیرفانەکەی هەردوو لێوارەکانی چاك شەتەك دا و، توند تاقەتی کرد و وتی:

- عالەمەکە سەیرە!

- هەموو پێکەوە بۆ؟

متۆ چەند جارێك سەری بەملاو ئەولای خۆیدا هێناو وتی:

- جارێکیان یەك لە پیاوە دەوڵەمەند و ساحێب مەڕەکانی گوندێك، نازانم ئاغا بوو؟ چی بوو؟ هاتە بن گوێمەوەو وتی:

- وەرە متۆ گرەوێك بکەین!

- منیش گوتم: دەی باشە!

پیاوەکەش چوو بێژنگێکی پان و بەرینی هێنا و لەبەر چاوی عالەمەکە وتی: ئەگەر تۆ بتوانی بەم بێژنگە ئەو کوپەیەی وا لەو دوورەیە پڕ ئاو بکەی ئەوا من سۆزت دەدەمێ ژنێکت بۆ بهێنم!

- منیش وتم: ئەوە ئاسانە.

سەرتان نەیەشێنم حەوت شەو و حەوت ڕۆژ من بەو بێژنگە ئاوم کێشا بۆ ئەو کوپەیە پڕ نەبوو و نەبوو، ئەمنیش وازم لێ هێنا.

- فەتاح: ئێ دوایە؟

- متۆ: دوایەی چی؟ کوپەکە پڕ نەبوو.

خەڵکەکەش کە تەماشای شێوەی متۆ و دەموزمانیان دەکردو و چاوەڕوانی وشەکانی بوون، لە ئەنجامی کارەکەی هەندێك پێدەکەنین و هەندێك بەزەییان بە سادە و ساویلکەیی ئەودا دەهاتەوە، لەپڕ دیاربوو متۆ شتێکی تری پێمابوو هەڵیدایە و وتی:

- شتێکی تریشتان پێ بڵێم؟

- هەموو پێکەوە: دەی توخوا بیڵێ!

متۆ چەند جارێکی تر سەری باداوەو، هەندێك تێڕاما دیاربوو لە بیری خۆیدا سەرگوزەشتەیەکی تری ئامادەی باسکردن دەکرد.

ئەمجارەیان منگەیەکی لێهات و وتی:

- دیسان جارێکیان ئەوها پیاوێکی ساحێب مەڕ و بزن بانگمی کردو وتی:

- وەرە متۆ! مەڕ و بزنێکی زۆرمان هەیە و شوانیشمان نیە، ببە شوانمان و بڕۆ لای مێگەلەکە هەتا شەرتت هەڵدێ، کە شەرتت هەڵات شەرتبێ، شەرتی پیاوان من ژنت بۆ بێنم!

- منیش وتم: قایلم. ئیتر مردم ئەوەندە بزن و مەڕ و کار و بەرخ بلەوەڕێنم تا شەرتم هەرات، کە شەرتم هەرات وتم: دەی ژنم دەوێ! ئاغاو وتی: ئێ باشە لە قەولی خۆم پەشیمان نیم ژنت بۆ دێنم.

شایی و زەماوەند کراو عالەمەکەی گوند خڕبوونەوە و هەرئەوەندەم زانی ئاغا وتی: ئەوا بوك چاوەڕێتە و برۆ پەردەوە. منیش خۆم حازر کرد و چوومە لای بوك، باوەشێکم لێدا و، ئەویش باوەشێك لە من، لەمن و لەو هەرچەندم کرد پێی نەوەستام.

چەندیشم کرد لەیەقەم نەبۆوە، هەرئەوەندەم خۆشبوو تا بوك خۆی لەبەر کردەوە دەبینم بوك پیاوە و، کابرای لە کابرای من گەورەترە، لەمن خۆ پچڕینەوە و لەو ڕاکێش زۆری نەمابوو .... بێ، دوایە بەهەر حاڵێك بوو بۆی دەرپەڕیم.

- فەتاح: باشە متۆ تۆ وات لەو بکردایە؟

- متۆ: کورە ئەو کەرامباوگاوە، نارێم کابرای لە کابرای من گەورەتر بوو!

- فەتاح: ئێ دوایە؟

- متۆ: دوایەی چی؟ بوکەکە پیاو بوو.

لەبەر پێکەنین و سەیری بەسەرهاتەکەی متۆ کەس بە کەسەوە نەبوو، متۆ هەڵسایەوە و وتی:

ئەی چۆن عالەمەکە سەیر نیە؟ نە کوپەکە پڕ بوو نە بوکەکە ژن بوو.

# مەرسەلای شەوگەڕیی ئاغا

ئاوایی لانە شێر لە شوێنێکی خۆش و پڕ بە پیت و بەرەکەتی ئەو کوردستانە هەڵکەوتبوو، نزیکەی چوار دانە کاتژمێر بە سواری وڵاخ لە شارەوە دووربوو، بە تەنیشتیدا ڕوبارێکی خنجیلە و جوان تێدەپەڕی کە لە دەوری شاخ و کۆیکەی کەش و یاڵی لێبوو، ڕێگای ئۆتۆمۆبیل بۆی سەخت بوو بە هاوینان جارجارە ئۆتۆمۆبیلی پێدا دەچوو، ئەگینا بەم دواییە تراکتۆر هاتوچۆی پێدا دەکرد و وای لێهاتبوو کە دوو ماڵ لە خەڵکی ئاوایی تراکتۆریان پەیدا کردبوو و کاریان پێ دەکرد، خەڵکەکەی تر بەم دواییەش هەر سوودیان لە هەوجاڕ و وڵاخ وەردەگرت بۆ زەوی کێڵان، بۆ دروێنە کردن و پووش کێشانەوە و کوتانیش ئەوا هەر داسی دەستی و شەغرە و کەر و جەنجەڕ بوو.

سەرگەورەی لانە شێر پیاوێکی بەتەمەن بوو، کە مستەفاغایان پێ دەگوت، لە باب و باپیرانەوە ئەم ئاغایەتیەی بۆ مابۆوە.

مستەفاغا بە دگمەن وا ڕووی دەدا کە دێ بەجێبهێڵێ و دوور بکەوێتەوە ئەگەر کارێکی لە ڕادەبەدەر گرنگ نەبوایە، ئەو نەیدەویست ئیش و کاری ئاوایی بخاتە دەست کەس و کەسێك لە جێی خۆی دابنێ بە جێگر، وای

بۆ دەچوو دێ شکست دێنێ یاخود هەر لە تەخت و تانجی ئاغایەتیەکەی دەترسا و بڕوای بە کرمانجان نەبوو.
شەوێکی سارد و تووشی زستان بوو ئاغا لەسەر کانیان بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە، ئەمجارەیان تەنها بوو و، هیچ لە پیاوەکانی لەسەر ویستی خۆی لە گەڵدا نەبوو، بە بۆچونی هەندێك لە خەڵکی ئاوایی ئاغا لە ژوان گەڕاوەتەوە، بەڵام ئاغا خۆی هەرگیز ملی بەم ڕاستیەدا نەدەنا، ساردی و تۆفانی تووشی ئەو زستانە وا تاریك بوو کورد گوتەنی شەو شەوی گورگ بوو، چاو چاوی نەدەبینی، قوڕ و چڵپاو جۆگە و کون و کەلەبەری کۆڵانەکان وەك سەری مەنجەڵێکی پڕ داخستبوو و، کەس بەر پێی خۆی نەدەبینی، لەبەر تاوی باران و چۆڕە چۆڕی باراناوی مەزروکی سەر خانوو و کۆشکەکان دەنگی خۆت گوێ لێ نەدەبوو، لە مستەفاغا زیاتر کەس بەو شەوە لە دەرەوە نەبوو.
ئاغا لە پەلەپەلیدا لە نزیك ماڵی خۆیان بەو شەوە لاقێکی هەڵخلیسکا و لەگەڵ پەلك و چولکەی دار و کۆنە هێلانە بەربووەی تەیر و تواران تێکەڵ بە چڵکاوی ناو کۆڵانان بوو و دەمێك لەوێ لێی ڕاکشا، هەندێك هاواری کرد، بەرچاوی هەندی تر تاریك بوو و هەر بە خەیاڵی جاران وای دەزانی پیاوەکانی هەموو لەدەورین:
کورە سمە ئەولایەم بگرە! عەلۆ دەستی چەپم ڕاکێشە! حوسە یارمەتیان بدە! خێراکەن زووکەن، ئەوە من لەگەڵ ئێوەم نیە؟
مام ئاغا هەندێك بەهۆش خۆی هاتەوە، بینی لەناو چڵکاو کەوتووە و کەسیشی لە دەور نیە، هەندێك خۆی جوڵاند و ویستی هەستێتەوە لاقێکی لەدوای نەهات، ئەوشەوە تا درەنگانێك لەوێ مایەوە، کەسیش نەیدەوێرا بۆ سۆراخی بچێ ، نەوەکو ئاغا لێی برەنجێ. لە ئاغاژن وابوو لە دیوەخان لای میوانە و پیاوەکانیشی وایان دەزانی لە باخەڵی ئاغاژنە.

بەیانی زوو وەختی ئانی مەلا بانگدان لە ڕێگای شوان و گاوانی ئاواییەوە مام ئاغا بیترایەوە و بە دەستبار هێترایەوە دیوەخان.

کاتێ پیاوەکان لێی کۆبوونەوە مستەفاغای گەورە و گران و خەمخواری دێ گشت گیانی قوڕ و چڵپاو بوو و لە سەرمانا ددانەکانی چیرە چیڕیان بوو و لێوەکانی وەك تاڵەبی دەلەرزێن و هەر نارە ناری بوو. ئەوان لە ڕوانگەی ڕەوشتی پێشوی ئاغاوە هەستیان بەوە کردبوو دیسان هەبێ و نەبێ ئاغایان شەو بەری ناوەتە دەرەوە و شەوگەڕی کردووە لەبەرئەوە نەیان دەوێرا پرسیاری لێبکەن، بە ئەسپایی جلە تەڕەکانیان لەبەر کردەوە، بینیان لاقێکیشی بە خوێنەوەیە، کە دەستیان بۆ دەبرد زیاتر هاواری دەکرد. بەو بەیانیە هەندێك جلی وشکیان لەبەر کرد و گەرمیان داپۆشی.

بۆ بەیانی بۆ چێشت تەنگاوێ کە ڕۆژ بووەوە وەستاو بەیتاری ناو دێ و دێهاتەکانی دەوروپشت هاتنەسەری و ئەوانیش وەستایی ی خۆیان لێ کرد، بەڵام وا دیاربوو سودێکی ئەوتۆی نەبوو، مستەفاغا بەو خزمەتەی بەیتارەکان پێیان کرد لە ئێش و ئازاری کەم نەبۆوە.

خەڵکو خۆیی داوایان لێکرد، بە هەر جۆرێك بوو ڕازییان کرد ڕوو لە شار بکات و سەرێك لە دوکتۆری شار بدات.

ئاغا لە ناو عارەبانەی پشتەوەی تراکتۆر بارکرا و، داوای ئاغاژنی کرد ئەویش هات و هەندێك لە پیاوەکانیشی بەگەڵ خۆی دا، لە دەوروبەری ئاغا و لاتەنیشتەکانی تراکتۆرەکە جێگای خۆیان کردەوەو و بەرەو شار و دوکتۆر کەوتنەڕێ.

پاش نیوەڕۆژێك گەیشتنە شار، لە نەخۆشخانەیەك چوونە لای دوکتۆر و دوکتۆریش پرسیاری شێوەی نەخۆشیەکەی ئاغای کرد:

- جەنابتان لە کەیەوە واتان لێهاتووە؟

- پازده ڕۆژ دەبێت.

- باشە، لەچی واتان لێهات؟

- کورە تۆ هەقت چیە؟ من لاقم دێشێ!

- بەڵێ! بۆچی لاقت دێشێ؟

- ئەدی بەچی دوختۆری؟ تەماشاکە بزانە؟

دوکتۆر کە تەماشای لاقی ئاغای کرد و، لە ڕێگای وێنەگرتنی لاقیەوە بۆی دەرکەوت لە دوو جێگاوە شکاوە و بە خواری یەکی گرتۆتەوە، بۆیە داوای لە ئاغا کرد بەلانی کەم یەك مانگ لە خەستەخانە بمێنێتەوە بۆ ئەوەی برینەکەی سارێژ بێت و جێگا شکاوەکانیش بشکێننەوە و بەڕێکی بیگرنەوە، دووریش نیە پێویست بە توێکاری بکات.

- نانا، دەبێ من زوو بگەڕێمەوە دێ!

- تۆ پێویستیت بە چارەسەرکردن هەیە.

چەند ڕۆژێك ئاغا لە نەخۆشخانە مایەوە و، لەگەڵ ئاغاژن و دووان لە پیاوەکانی، ڕۆژێك کە دوکتۆرەکان و پەرەستارەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون گفتوگۆ لەسەر شێوەی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەی ئاغا بکەن، ئاغا ناوە ناوە خۆی تێ هەڵدەقورتاند و قسەیەکی لێوە دەکرد، ئەوان دەیانگوت:

- بیشکێنینەوە باشە!

- بەڵام دەبێ توێکاری بکەین.

- ئاغا: توککاری چیە کورە؟

یەکێك لە دوکتۆرەکان بە هێمنی بە بەرگوێی ئەوانی تریدا دا و وتی:

- ئەم کابرایە تەواو نیە، یان ئەوەتا میرێکە!

ئاغا کە وشەی میری بە بەرگوێدا هات، تەماشایەکی ئەملاو ئەولای خۆی کرد بینی ئاغاژن لە تەنیشتیەوەیە و دوان لە پیاوەکانی لە ژوور سەریەوە

ڕاوەستاون، خۆی کێشایەوە و ڕووی لە دوکتۆرەکان کرد و وتی: کورە هەر هەوم هەو.

# حەمەشێت

له بناری ئەو کەژەی پشت ئاوایی سولاوکەوە دێیەکی قشتیلانە و جوان وەك پەرە ڕەنگینەکانی لەشی فەرە قەتێیەك لە ناوقەدی ئەو کەژە و زۆر لە دێرزەمانەوە بنیات نرابوو، دەڵێن وەختی خۆی تەنیا دوو ماڵ بوونە، بەرە بەرە گەشەیان کردووە و کوڕ و کچی ئەو دوو بنەماڵەیەیان لێك مارە کردۆتەوە، هەر خۆیان چاوساغی خۆیان بوونە لە چارەسەرکردنی گیرو گرفت و نەخۆشی و پرسە و هەموو ڕوداو و کارەساتێك، لەگەڵ مێژوو ئەمانیش زیاد دەکەن و کوڕ و کچ و منداڵ و گەورە و پیر و لاویان لێ زۆر دەبێ لە ئەنجامی ئەمەش گێچەڵیان بۆ زیاد دەبێ. (دونیا بۆ کەس نامێنێ) ئەمانیش پیر و پیاوچاکەکانیان بۆ نامێنێ و، بەرە بەرە وایان لێ دێ لەسەر ڕەز و جێگا ڕەز تێك دەچن و منداڵی لایەکیان سەری منداڵی لایەکەی تر دەشکێنێ ئیتر پیرێك، پیاو چاکێکی وا نابێ کە ڕێزی لێ بگیرێ و قسەی بەسەر هەموو لایەکدا بڕوات بۆیە تێك بەردەبن و ئیشەکە گەورە دەکەن لەوساتەوە تا ئێستا ساڵ نیە یەك دوو جار شەڕوشۆڕ و ئەم بەزم و ڕەزمانەیان نەبێ، هەندێك جار زەلامیشیان لێك کوشتووە، خەڵکی دێیەکانی دەوروپشت و بەتایبەتی ئاواییەکەی سولاوك زۆریان هەوڵداوە و ئامۆژگاریان کردوون، بەڵام لەبەر ئەوەی هەریەك

لەلایەك كوێخایەك بووە ئیتر هیچ هەوڵێك لەوانە سوودی نەبووە.
دەڵێن باوەگەورەی سولاوك لەگەڵ گەورەی ئەو دوو ماڵە زۆر دۆست بووە و بە هەموو جۆرێك یارمەتی داون، كە ئەو قەد كەژەیان داتراشیوە و كردوویانە بە ماڵ و دێ ئەمیش زەلامی بۆیان ناردووە و ساڵێك عەلەتەوار كاریان بۆیان كردووە تاكو جێنشین بوونە و لەوێ گیرساونەتەوە. پێشینیان فەرموویانە: (شینو شایی دەستەوایی)، ئەوانیش ئەو چاكەیەیان لەبیر بووە و زۆر جار كاتی ناخۆشی ڕوداو و كارەسات لەگەڵ دز و جەردەی ئەو ناوە، بەخۆیان و زەلامیانەوە هاتوون بە هاناوە و چەند ڕۆژ و چەند شەو لەوێدا ماونەتەوە تازیە و ماتەمێیان بەهی خۆیان زانیووە، بۆیە لەو كاتەوە تا ئێستا ئەو پەیوەندی دۆستانەیە هەر ماوە، بەلام وەكو جاران نەماوە، جا نازانرێ هەر وەكو وترا ئەوان گوێڕایەڵی پیرەكانیان نین و كەس بەكەسەوە نیە، یاخود خەتای خەڵكی سولاوكیشی تیایە كورد دەڵێ: (چەپڵە بە دەستێك لێ نادرێ)، دوور نیە ئەمانیش گوناهیان هەبێ بە هەرحاڵ هات و چۆیەكان وەك خۆی نەماوە.
ساڵێكیان دیسان ئەو دوو بەرەیە تێكچوون و بەگژی یەكدا هاتنەوە، بەلام ئەم جارەیان هەر دەمەقاڵە و جنێودان و سەرشكان نەبوو، ئەمجارەیان ئیشەكە زۆر گەورە بوو و شەڕەكەیان لە ئەقڵ و هۆش دەرچوو وای لێ هات كە ئافرەتیش تیا بەشداری بكات بەردی قەد ئەو كەژە بوەشێنێ و هەر ئەو بەردەش بە خوێنی خۆی سوور بكات، ئەو دوو بەرەیە وا بەناو یەك كەوتبوون كە دوور نیە خۆیان لە بنەماڵەكەی خۆشیان كوشتبێ چونكە لەو ئەسرانەی كە بەشەڕهاتبوون تاریكیشیان لێ داهاتبوو هەر لێك نەبووبوونەوە تاكو ڕۆژی دوایەش هەر كەسی دەوروبەر پێی نەزانیبوو، پاشانیش هەر لە ڕێگای شوانەكانەوە ماڵیان ئاوابێ خەڵكی پێی زانی، بەلام چی زانین كار لەكار ترازابوو ١٩ كەسیان لە ژن و

منداڵ و زەلام لەیەك كوشتبوو، تەنانەت لە ئەسپ و گوێدرێژەكانی یەكتریش دەستیان نەپاراستبوو. بەڵێ! ئەو دێیە لەو دوو ماڵە سەرچاوەی گرتبوو و دروست بووبوو، ئەو دوو بەرەكیە گەورەیەش هەر لە شەڕی نێوان ئەو دوو منداڵە بەرپابوو و گەورە بووبوو .
یەك ڕۆژ بەسەر كارەساتەكەدا تێپەڕیبوو، چەند پیاوێك لە خەڵكی سولاوك خڕبوونەوە لەگەڵ مامۆستای دێ ڕێكەوتن بچن بۆ تازیە و ماتەمی ئەو هەموو قوربانیە، حەمە شێت لێیان پەیدابوو گوتی بشمبڕن بشمكوژن هەر هاتوومە و دێم لەگەڵتان هەندێك هەوڵیان لەگەڵدا لە یەقەیان ببێتەوە سوودی نەبوو، مامۆستا چوو بەلایەوە و ئایەتێكی بۆ خوێندو تكای لێ كرد لەكەری شەیتان بێتە خوارەوە و ڕێگایان بدا بڕۆن، بەڵام حەمەشێت لەسەر چوونی خۆی سوورتربوو.
چار نەبوو هەموو بە هاوڕێیی حەمەشێت بەڕێكەوتن بۆ تازیە، بەڵام لەگەڵی پێكهاتن كە لەوێ هیچ قسان نەكات، چونكە تازیەیە و تازیەكەش زۆر تایبەتە، گەیشتنە ئەوێ پێكەوتن كە لایەكیان هەشت كەسیان لێ كوژراوە و لایەكەی تر یانزە، ئەوانیش ئەو لایەی كە یانزەیان لە دەست دابوو و دەكەوتنە سەر ڕێیان بۆیە لایان دا ئەوێ یەكەمجار. دوای سەلام و كەلام فاتیحا خوێندرا و ئیتر كەوتنە ناو قسەوباسەوە، هێواش هێواش گەیشتنە ئەوەی بپرسن چەند كەس لە نیواندا كوژراون و كوژراوەكان كێن و لە كام لان.
مامۆستا فەرمووی:
- خودا ڕەحم بە هەموولایەك بكات، سەبووریتان بدات، هەرچی بووە بووە تازە ناگەڕێتەوە، مردووەكان چەندیان لە ئێوەن؟
- یەك لە تازیەدارەكان كە خۆیشی بریندار بووبوو بە سوكی، وتی: مامۆستا یانزەیان هی ئێمەن و چوار برینداریشمان هەیە كە یەكیان

خۆمم.

- مامۆستا: لا حەولەوەلا! لا حەولەوەلا! خودا ڕەحم بکات.

- کابرای بریندار و تازیەدار: چی بکەین! خودا ساتر لە باتر نەدا.

حەمە شێت کە تا ئەو کاتە نقە و جقەی لەخۆی بڕیبوو و تەواو بێدەنگ بوو، لێیان قیت بۆوە و گوتی: هێشتان؟ تەهۆووە خودا ساتر لە باتر نەدا!

# فەرهەنگۆك

**پیتی (ئا)**

ئویچ: به زمانی تورکی واته سێ.

ئەرام: بۆم.

ئەسپە کوێت: ئەسپی سوری ئاماڵ ڕەش.

ئەوێ ڕۆژێ: ئەو ڕۆژە.

**پیتی (ب)**

بالیف: سەرین، سەنگیا.

باول: سندوقی له چەرم و مقەبا یاخود له ئاسن بۆ جلك تێنان، جانتا.

برێشکه: تۆم گوڵه بەڕۆژه به برژاوی.

بکیشه: بکێشه.

بورده: به زمانی تورکی واته ئەوێ.

بویرن: به زمانی تورکی واته فەرموو.

بویشم: بڵێم.

به خوڵای: به خودای.

بەکره: شریت، نەوار.

بەیتار: بەیتاڵ، ئەو کەسەیەکە شوێنی شکاوی لەشی مرۆڤ دەگرێتەوە.

بیستان: بێستان.

بیە: بووە.

**پیتی (پ)**

پلە: پلك، میمك.

پووش: قەسەڵ.

پەرەوازە: ئاوارە.

**پیتی ( ت )**

تانجی: تاژی.

تەقەتی کرد: وەشێراو، وەشارتی هەڵی گرت.

تەماڵ دۆزینەوە: دۆزینەوەی کەروێشك لە لانەدا.

تیترە بکەیت: سیقودیق بکەیت، شەق ببەیت.

**پیتی (چ)**

چویزانم: چوزانم.

چوینین: چۆنی، چلۆنی.

چەقەر: چەقەڵ.

**پیتی (خ)**

خوشکۆرێ: خوشکم.

خۆف: ترس.

خوم: خۆم.

خەروێ: کەروێشك، کەروێ.

**پیتی (د)**

دایمە: هەمیشە.

درەنگانیك: درەنگانێك.

دکەی: دەك.

دگری: دەگرێ.

دمیننەوە: دەمێننەوە.

دەمەدەمی: سەرەتای، بەرەبەری.

دیانە: دێن.

دێرینە: لەمێژینە.

## پیتی (ڕ)

ڕوت و ڕەجاڵ: هەژار، نەدار.

ڕوح: گیان.

## پیتی (ز)

زەفت: زەوت.

## پیتی (س)

ساتر لەباتر نەدا: لەوە خراپتر نەهێنێ.

ساحێب: خاوەن.

سارا: چۆڵ، بیابان.

سکوت: بێدەنگ.

سنجاق: سنجاخ، قولابە.

سۆراخ: بەدوای شتی گوم بوودا گەڕان.

سەتڵ: پەقرەج.

## پیتی (ش)

شوینە: شوێنە.

شەت: زێ.

شەق بەری: شەق ببا.

شەوگەڕ: کەسێ شەو ناخەوێ و بە ناو ئاواییدا خول دەخوا.

شێ: شێخ.

**پیتی (ع)**

عالەم: خەڵك.

عومر: تەمەن.

عەلەتەوار: بەردەوام.

عیللەت: دەرد و نەخۆشی.

عیللەتدار: نەخۆش.

**پیتی (ف)**

فایدە: سوود، قازانج.

**پیتی (ق)**

قاپی: دەرگا.

قرۆش: پارەی وردە.

قومێك: فرێك.

قەدەرێك: ماوەیەك.

قەڵس: تورە.

قەنتەرە: بەو دەرگا گەورەیەی یەکەمی حەوشە دەڵێن.

قەنەفڵ: گەڵا خونچەی وشکەوەکراوی گوڵی دارێکە زۆر بۆن خۆشە و بۆ دەرمان دەشێ.

قەوم: نەتەوە.

قەیرە کچ: گەورە کچ، بەتەمەن.

**پیتی (ك)**

کۆڕەو: کۆچکردن بە کۆمەڵ.

کەرامباوگاو: کەرانبابگاو، جۆرێکە لە جنێو.

**پیتی (گ)**

گویش: گوێش.

گەنیو: گەنی، بۆگەن.

گیانەڵا: دەمەدەمی گیان دەرچوون.

**پیتی (ل)**

لە قەرە: لەئاست، خۆلێدان.

**پیتی (م)**

مۆزەمۆز : بەدەوراهاتن بۆ تەمای شتێك.

مەچەك: قۆڵ.

مەحت: مەدح، تاریف.

مەوتەن: مەفتەن، نیشتمان.

مین: تەقینەوەی باروت.

**پیتی (ن)**

نزا: دوعا، دوحا.

نسکۆ: هەڵەنگوتن.

نوین: یەتاخ، جێبان.

نەسیحەت: ئامۆژگاری.

نەماگە: نەماوە.

نێدەین: نادەی.

نێکەیتە: نایکاتە.

نیم: نیو.

لەوەری: لەگەڵی، لەگەڵیا.

نیمە: نیوە.

**پیتی (ه)**

هاتگم: هاتوومە.

هەیتڕ: چەغە، وەل.

**پیتی (ی)**

یەڵدا: یەکەم شەوی زستان کە درێژترین شەوە لە ساڵدا.

له کۆتاییدا سوپاسی ئەم مامۆستا و بەڕێزانە دەکەم کە چاویان بە چیرۆکەکاندا خشاندەوە بۆ هەڵەگیری لە ڕووی زمانەوانیەوە و تێبینی تر، ئەرکێکی زۆریان کێشا و بەپێی توانا یارمەتیان دام:

- کاک فەرهاد شاکەلی.
- کاک سەعید کاوە (کوێستانی).

Sîrwan Karvanî

# Xanawxan

Çîrok
Swed: 1998